■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com


■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

## کەرکووک کوردستانێکی بچووک




## ڕووسەکان دەڵێن
## کێشەی کورد وەک ١٠ نارنجۆکی هایدرۆجینییە



## لەبیرکردن نیعمەتێکە ژیان جوانتر دەکات!!



## موراد کاوە: کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە تەواوی هونەر پارێز بێ و بەرنامەی هونەری هەبێ



## دوو جۆرە مۆدەی بەدلەی بووک



## شـاراپۆڤـا :
## گەندەڵی و دەرمانی وزە بەخش لە یاری ئێمە نییە



# له‌ باره‌ی گۆڕینی سه‌رۆكی حكوومه‌ته‌وه‌



سالار عوسمان

یه‌كێ له‌و پرسه‌ گرنگانه‌ی كه‌ له‌م ماوه‌یه‌دا بۆته‌ مایه‌ی گفتوگۆیه‌كی فراوان له‌ كوردستان پرسی گۆڕینی سه‌رۆكی حكوومه‌تی هه‌رێمی كوردستانه‌، ئه‌م پرسه‌ گرنگه‌ له‌ سێ ئاستی جیاواز (سیاسیی، میدیا، جه‌ماوه‌ر) گفتوگۆیه‌كی تێروته‌سه‌لی له‌ باره‌وه‌ ده‌كرێ و له‌ هه‌ر سێ ئاستیشدا راوبۆچوونی جیاواز هه‌یه‌ و تا دێش گفتوگۆكه‌ گه‌رمتر ده‌بێ و هه‌موو لایه‌كیش چاوه‌ڕوانی یه‌كلابوونه‌وه‌ی ئه‌م پرسه‌ ده‌كه‌ن!!

*** ئاستی سیاسیی:**

به‌ر له‌ هه‌ر شت ده‌مه‌وێ ئه‌وه‌ بڵێم كه‌ رێزدار نێچیرڤان بارزانی له‌ ماوه‌یه‌كی گرنگی مێژوویدا پۆستی سه‌رۆكایه‌تی حكوومه‌تی یه‌كگرتووی كوردستانی پێ سپێردرا و كۆمه‌ڵێك ئه‌ركی نه‌ته‌وه‌یی و سیاسیی و ئابووری و كلتووریی وه‌ئه‌ستۆ گرت كه‌ گرنگترینیان یه‌كگرتنه‌وه‌ی هه‌ردوو ئیداره‌كه‌ بوو، كاك نێچیرڤان له‌ به‌یه‌كه‌وه‌گرێدانی ئه‌و دوو ئیداره‌یه‌ كه‌ كوردستانی كردبووه‌ دوو كه‌رت نه‌ك هه‌ر سه‌ركه‌وتوو بوو به‌ڵكو بووه‌ مایه‌ی ره‌زامه‌ندی هه‌موو لایه‌ك له‌ پێشیشیانه‌وه‌ یه‌كێتی نیشتمانیی كوردستان، ئه‌م سووربوونه‌ی نێچیرڤان بارزانی بۆ یه‌كڕیزیی و به‌یه‌كچاو ته‌ماشاكردنی هه‌موو ره‌نگه‌ سیاسییه‌كان ئاماژه‌گه‌لێكی پڕ خێر و بێر بوو كه‌ ئێستا له‌ نێو به‌رهه‌مه‌كه‌یدا ده‌ژین!.. دیاره‌ له‌ ئاستی سیاسییدا زۆرن ئه‌وانه‌ی ده‌یانه‌وێ هه‌مان ئه‌و نه‌فه‌سه‌ سیاسییه‌ی نێچیرڤان بارزانی له‌ سه‌رۆكایه‌تی كردنی حكوومه‌ت به‌رده‌وام بێت، به‌ڵام له‌ هه‌مووی گه‌شتر ئه‌و لێدوانه‌ یه‌ك له‌ دوای یه‌كانه‌یه‌ كه‌ پارتی دیموكراتی كوردستان و نێچیرڤان بارزانی بڵاوی ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ له‌ واده‌ی دیاریكراوی خۆیدا پۆستی سه‌رۆكایه‌تی حكوومه‌تی هه‌رێم ته‌سلیم به‌ یه‌كێتی نیشتمانیی كوردستان ده‌كه‌نه‌وه‌ و پابه‌ندن به‌ هه‌موو رێككه‌وتنه‌ سیاسییه‌كان.. ئه‌م لێدوانانه‌ جگه‌ له‌وه‌ی دڵنیاییه‌كی زۆری به‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌خشیوه‌، له‌ ده‌ره‌وه‌ش حاڵه‌تێكی پۆزه‌تیڤ و جوانی بۆ سه‌ركردایه‌تی سیاسیی كوردستان خوڵقاندووه‌!

مایه‌ی دڵخۆشی هه‌موومانه‌ ده‌سه‌ڵات له‌ كوردستان به‌شێوه‌یه‌كی ئاشتیانه‌ ده‌ستا و ده‌ست ده‌كرێ و ژیانی سیاسیی به‌ ئاقاره‌ هێمنه‌كانی خۆیدا گوزه‌ر ده‌كات و كلتووری دیموكراسی و قبوڵكردنی یه‌كتر وه‌ك قه‌ناعه‌تێكی سیاسیی جێی خۆی له‌ نێو بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان كردۆته‌وه‌.. ده‌مه‌وێ ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ش بكه‌م ئه‌گه‌ر له‌ نێو خودی یه‌كێتی نیشتمانیی كوردستان-یش گفتوگۆی جیاواز هه‌بێ سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كێ له‌ ئه‌ندامانی سه‌ركردایه‌تی یه‌كێتی ئه‌م پۆسته‌ وه‌ربگرێ و تا ئێستاش یه‌كلانه‌كرابێته‌وه‌ ئه‌مه‌شیان هه‌ر دیارده‌یه‌كی دروستی ژیانی حزبییه‌ و له‌ نێو كاری هه‌ر حزبێكی سیاسییدا ئه‌م گفتوگۆیانه‌ ده‌كرێ و دواجار رایه‌ك له‌ نێو راكان ده‌یباته‌وه‌!..

ئه‌م پرسه‌ له‌ ئاستی سیاسییدا تا هه‌نووكه‌ش له‌ نێو گفتوگۆیه‌كی گه‌رم و جیاوازدایه‌ و له‌ كۆتاییدا پارتی و یه‌كێتی كه‌ زۆرینه‌ی ده‌نگی خه‌ڵكی كوردستانیان مسۆگه‌ر كردووه‌ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ یه‌كلاده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ دڵنیام یه‌كلاكردنه‌وه‌یه‌كی خێر ده‌بێ!.

*** ئاستی میدیا:**

هه‌موو ئه‌و هه‌واڵ و لێدوان و گفتوگۆیانه‌ی له‌مباره‌یه‌وه‌ له‌ میدیای كوردستاندا بڵاوده‌كرێنه‌وه‌ هه‌ر هه‌مووی هه‌وڵی رۆژنامه‌گه‌رییانه‌ن و جۆرێك له‌ نوێی و روونی و كرانه‌وه‌شی تێدایه‌ و ده‌كرێ بڵێین به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ دوێنێدا رۆڵی میدیا ئه‌مجاره‌یان كاریگه‌رتر و پڕ جووله‌تر و پڕ قسه‌تره‌ كه‌ ئه‌مه‌شیان بۆ ئێمه‌ی رۆژنامه‌نووسان و ژیانی رۆژنامه‌گه‌ریی له‌ كوردستان مایه‌ی دڵخۆشییه‌!..

*** ئاستی جه‌ماوه‌ر:**

پرسی گۆڕینی سه‌رۆكی حكوومه‌ت و مانه‌وه‌ی و هه‌موو ئه‌و گه‌نگه‌شانه‌ی له‌مباره‌یه‌وه‌ له‌ ئاستی سیاسیی و ئیعلامی ده‌كرێت په‌ڕیوه‌ته‌وه‌ نێو جه‌ماوه‌ر و وه‌ك ده‌ڵێن جاده‌ش ئه‌مجاره‌یان قسه‌ی خۆی ده‌كات و به‌شداره‌ له‌م گفتوگۆ سیاسییه‌ گه‌رمه‌ی كه‌ هه‌یه‌.

جه‌ماوه‌ری كوردستان ده‌یه‌وێ حزب نه‌یه‌ته‌ نێوكاری حكوومه‌ت و وه‌ك ده‌ڵێن حكوومه‌ت حكوومه‌تایه‌تی خۆی بكات!.. دیاره‌ به‌پێی ئه‌و راپرسییانه‌ی به‌ر له‌ ماوه‌یه‌ك ئه‌نجامدراون جه‌ماوه‌ری كوردستان له‌ نێچیرڤان بارزانی رازین و له‌مباره‌یه‌وه‌ متمانه‌یه‌كی فراوانیی جه‌ماوه‌ریی له‌ پشت نێچیرڤان بارزانی-دا هه‌یه‌، بۆیه‌ جه‌ماوه‌ری كوردستان ده‌خوازێ ئه‌گه‌ر هه‌ر كه‌سێك دوای نێچیرڤان بارزانی پۆستی سه‌رۆكایه‌تی حكوومه‌ت وه‌رگرێت، جا سه‌ر به‌ هه‌ر حزبێكی سیاسیی بێت ده‌بێ به‌ هه‌مان نه‌فه‌سی نێچیرڤان بارزانی كار بكات، نه‌فه‌سی كوردستانی نه‌ك حزبی، نه‌فه‌سی خۆ به‌ خاوه‌ن زانین و به‌یه‌كچاو ته‌ماشاكردن و به‌هێزیی له‌ به‌ڕێوه‌بردن و ئاییندەبینی!

* له‌ هه‌موو حاڵه‌ته‌كاندا، له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌مان بۆ هه‌ر سێ ئاستی جیاواز و سه‌رجه‌م بیروڕا جیاوازه‌كان ئاماژه‌گه‌لێكی خێر ده‌بیندرێ كه‌ مایه‌ی ئومێده‌ بۆ كوردستان و یه‌كڕیزیی میلله‌ته‌كه‌مان..

**٢٠٠٧-١-٣**



فەیسەڵ دەباغ

# پێویستیمان بە ڕێککەوتن و بەرەیەکی راستەقینە و فراوانتر هەیە

ڕێککەوتنــــی دوکان لە نێوان هەر دوو پارتە کوردییەکە وحزبی ئیســـــلامی عێراقـــی دوو پرســـیاری گرنگی لـــەلای چاودێرە سیاسییەکان دروستکردووە:

-١ئایا ئەو ڕێککەوتنە هەنگاوێکە بۆ خۆدوورخستەوەی لایەنی کوردی لـــەو بەرە چوارقۆڵییەی کە لە مانگی ئابی پارســـاڵدا لەبەغـــدا نێوان پارتی و یەکێتی وحزبـــی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵا مۆرکرا؟

-٢ ئایـــا ئەو هۆکارانە چین کە بوونـــە هۆی مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتنە؟

گەڕانەوەیەکـــی خێـــرا بۆ کاتـــی مۆرکردنـــی هاوپەیمانییە چوارقۆڵییەکـــە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە کورد و شـــیعە(حزبی دەعـــوە و ئەنجوومەنی باڵا)هەر یەکـــە و ئەجیندای خۆی لەو مۆرکردنەدا هەبوو:

-١ دووپارتە شیعییەکە ویســـتیان پاش کشانەوەی وەزیرەکانی ڕەوتی سەدر لە حکوومەتی مالیکی کشانەوەی دیکەی بە دواوە نەیەت، واتە بەهێزکردنی پێگەی حکوومەت لەســـەر حیســـابی کورد(پارتی و یەکێتی).

-٢ هەردوو پارتە کوردییەکەش ویســـتیان بەرامبەر ئەو شـــتە لاگیرییەکی فراوان بۆ ماددەی(١٤٠)و مەسەلەی هەڵواسراوەکانی دیکـــە پەیدابکـــەن. ئـــەو کات ســـەرکردەکانی هاوپەیمانییـــە چوارقۆڵییەکـــە هەوڵێکی جدیان دا بۆ ئـــەوەی باوەڕ بە حزبی ئیسلامی عێراقی بە سەرۆکایەتی تاریق هاشمی بێنن بۆ ئەوەی بێتە ناو بەرە چوارقۆڵیەکەوە، کە بەدیدی ئەو سەرکردانە ئەو حزبە لە حزبەکانی دیکەی ناو بەرەی تەوافوق میانڕەوترە.

بەڵام ئەو هەوڵەیان لەبەر هۆیەکی سەرەکی سەری نەگرت، کە ئەویش ترسی حزبی ئیسلامی عێراق بوو لەوەی نەوەکو ئامانجی ئەو هەوڵە دوورخستنەوەی بێت لە هێزە سوننیەکانی دیکەوە.

ڕێککەوتنی ئێســـتای ئەو حزبە لەگەڵ لایەنی کوردیدا زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێ:

-١ قسەکردن لەسەر گەڕانەوەی وەزیرەکانی بەرەی تەوافوق بۆ ناو حکوومەتی مالیکـــی فەراهەمتر بووە، بەڵام بەو مەرجانەی کە تائێستا بەرە پابەندیەتی.

-٢ هەندێ لە سیاسەتکارە شیعەکان پێیان وایە ئەو ڕێککەوتنە دژی ڕێککەوتنـــە چوارقۆڵییەکـــە نییـــە و لـــە بەرژەوەنـــدی ئـــەو ئامانجەیە کە پێشـــتر هەوڵیان بـــۆ دەدا. هەتا هەندێ لەو سیاسەتکارانە پێیان وایە کە ئەمە ڕێککەوتنێکی پێنج قۆڵییە، با شیعەش لایەنێکی هێنانەدی نەبێ.

ئەگەر سەیرێکی شانۆی سیاسی بکەین دەتوانین سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەوە بڵێین کە ئەم وەســـفکردنە جۆرە زیادە ڕۆییەکی تێدایە، ئامانجیش لەو وەسفکردنە ئیحراجکردنی حزبی ئیسلامی عێراقـــە لەبەردەم بەرەی تەوافوق کە هەندێ لەســـەرانی دووڵ نەبـــوون لە ڕەخنەگرتن لە ڕێککەوتنەکـــە، هەتا هەندێکیان پێیان وایە کە ئەمە هەوڵێکە بۆ ئیبتـــزاز کردنی حکوومەتی ناوەندی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی نیشتمانی، بەپێچەوانەی ئەوانە حزبی ئیســـــلامی عێراقی بەرگری لەو ڕێککەوتنە سێ قۆڵییە دەکات و دەڵێ: ئێســـتا هەندێ پرۆژەی لەبەر دەســـتە بۆ ئەنجامدانی گۆڕینێکی سیاســـی، ئەم جوڵەیەشـــی هاوکاتە لەگەڵ فشاری ئەمەریکا بۆسەر حکوومەتی مالیکی بە مەبەستی"ئەنجامدانی پێشکەوتنێك لە پرۆسەی سیاسی" و"سوود وەرگرتن لە چاکبوونی ڕەوشی ئەمنی"دا

حزبی ئیســـــلامی عێراق کە بێ ئـــاگاداری هاوپەیمانەکانی خۆی لە بەرەی تەوافوق ســـوننی ڕێککەوتنە ســـێ قۆڵییەکەی لەگەڵ هەردوو پارتە کوردییەکە مۆرکرد، پێی وایە"لە ساڵی نوێدا هەندێ قەوارەی سیاسی هەڵدەوەشێنەوە و هەندێ قەوارەی نوێش دێنە ئاراوە کە هەڵگری پەیامی پرۆژەیەکی نیشتمانین"

ئەو حزبە ئەوەش ناشـــارێتەوە کە ئـــەو هاوپەیمانییە نامەیەکە بۆ هەمووان بە نوری مالیکیشـــەوە کە حزبی دەعوەی ئیسلامی فەرمانڕەوا ناتوانێ تەنیا بەپشـــت بەســـتنی بە حزبە شیعییەکان وڵات بەڕێـــوە ببات، چونکە ئەمە وایکردووە یەك لایەنە حوکمی وڵات بکات، بۆیە پێویستە پشت بەلایەنی کوردی و سوننیەکانیش ببەســـتێ کە پاڵپشـــتی راســـتەقینەن بۆ هـــەر حکوومەتێکی عێراقی.

هاوپەیمانی کوردســـتانی بەدەر نییە لەو هاوکێشـــەیە و ئێستا قسە لەسەر دەستپێشخەرییەك دەکات بەناوی"چاکسازی سیاسی" کـــە بڕیار وایە پاش گەڕانەوەی مالیکی بۆ بەغدا بخرێتە بەردەم لایەنە سیاسییەکان.

د. محمود عوسمان دەربارەی ئەو دەستپێشخەرییە دەڵێ:

گرنگتریـــن بڕگـــەی ئـــەو دەستپێشـــخەرییە پێکهێنانەوەی حکوومەتی یەکێتی نیشـــتمانییە کە ئێستا تووشی بۆشاییەکی گەورە بۆتەوە و چەند بیرۆکەیەکی نوێشـــی تێدایە ســـەبارەت بە هەمواركردنی دەستووری کە چەند مانگێکە پەکی کەوتووە.

دەربارەی ڕێککەوتنە ســـێ قۆڵییەکەش د. عوســـمان نکۆڵی لەوە ناکات کە ئەو ڕێککەوتنە بە هۆی فەشەلی وتووێژی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی هاتۆتە ئاراوە و مافیش دەداتە کورد بۆ ئـــەوەی بچێتە ناو هەر بەرەیەکەوە کە بەرژەوەندییەکانی زامن دەکات.

بەهـــەر حاڵ بۆ ئەوەی لە راڤەکردنـــی ڕێککەوتنەکەی دوکان لە هێزی مەنتیق نزیك ببینەوە، پێویســـتە لە پێشـــهاتەکانی ئەم دواییەی گۆڕەپانی عێراق وردبینەوە:

-١ رازی نەبوونی مالیکی بەو شتانەی کە لایەنە کوردییەکە بە مافێکـــی رەوای هەرێمی کوردســـتان دەزانـــێ، بەتایبەتی سەبارەت بە کۆمەڵە مەســـەلەیەك، وەك گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت و ماددەی(١٤٠)و بوودجەی عێراق و بەرکەوتی هەرێمی کوردســـتان و کێشەی میرانە و گومرگ و هەروا پێشمەرگە.

-٢ ماددەی(١٤٠)ی دەستوور کە تایبەتە بە باری کەرکووك و

> ●●●
> حزبی دەعوەی ئیسلامی فەرمانڕەوا ناتوانێ تەنیا بەپشت بەستنی بە حزبە شیعییەکان وڵات بەڕێوە ببات
> ●●●

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەو هاوپەیمانییە نوێیانەی کە کورد گەرەکیەتی.

لەگەڵ دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بۆ شەش مانگی دیکە، کورد بە گومانە لەوەی کە ئەو ماددەیە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی کورد- شیعە لەو ماوەیەشدا بێتە جێبەجێکردن، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە هاوپەیمانیەکەی خۆی فراوانتر بکاتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ لایەنە سوننیەکاندا.

بەدیدی کورد مالیکی سەبارەت بە پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هیچ نەرمییەکی نەنواند و پێی وایە کە ئەو مەسەلانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە.

خۆ هەتا ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی کە لە هاوپەیمانی کوردستانی زۆر نزیکە و یەك بەرە کۆیان دەکاتەوە ئەویش نەك هەر فشاری پێویستی نەخستەسەر مالیکی، بەڵکو جڵەوی هەندێ ئەندامانی خۆیشی نەگرت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە دژی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)قسەیان دەکرد.

بە باوەڕی من هۆکارێکی دیکەی ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکە بۆ ناکۆکی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا دەگەڕێتەوە. لایەنی کوردی پێی وایە هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی غەیرە کورد، بەتایبەتی ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوە، بەو شێوەیە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، بۆیە هەستی بەوەکرد کە پێویستی بە پشتگیری لایەنی تر هەیە، بەتایبەتی حزبی ئیسلامی عێراقی کە پەیوەندییەکی باش و دۆستانەی لەگەڵ حکومەتی تورکیادا هەیە و دەتوانێ بە هۆی ئەو پەیوەندییەوە فشار بخاتە سەر تورکیا، یان داوای هەندێ شتی لێ بکات، هەر بۆ نموونە پاش گەڕانەوەی تاریق هاشمی بۆ بەغدا، پاش سەردانەکەی بۆ کوردستان، یەکسەر چاوی بە باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کەوت و بەپێی ئەو هەواڵەی کە بڵاوکرایەوە، هاشمی ئەنجامی سەردانەکەی و ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکە و ئەو زیان و زەرەرەی کە بە هاووڵاتی و دێهاتەکانی هەرێم کەوتووە بە باڵیۆزی ڕاگەیاندبوو و باڵیۆزیش لە لێدوانێکیدا گوتبووی کە تورکیا قەت ڕازی نابێ لەو ئۆپەراسیۆنەی تورکیا زیان بە هاووڵاتی مەدەنی و دێهات و مەڕ ومالاَت بکەوێ.

پرسیار ئەوەیە: ئەگەر ئەمە ئەوراقی کورد بێ لە مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەی دوکان، ئەی دەبێ ئەوراقی تاریق هاشمی چی بێت؟

ئەوانەی لەوێنە سیاسییەکە نزیکن پێیان وایە هۆکارەکان یەکن کە ئەویش فشارخستنەسەر حکومەتی مالیکی، هەر چەند لێرەدا ئامانجەکان جیاوازن.

تاریق هاشمی هەست دەکات کە بەشداری لە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی ناکات، ڕاستە جێگری سەرۆك کۆمارە، بەڵام ئەو بەشدارییەی فراوان وکاریگەر نییە، چەند جاریش ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە پێویستە هاوتاییەك لە داڕشتنی بڕیارەکاندا هەبێت، کە ئەم کارەش لە دیدی هێزی تر جۆرێکە لە پازدان بەسەر ئیستحقاقاتی هەڵبژاردندا، ئەو لەگەڵ قەوارەی تەوافوقە کاتێ داوای چاکسازی لە پرۆسەی سیاسییدا دەکات و مەبەستیش لەو چاکسازییە هێنانەدی هاوبەشییەکی یەکسانە لەگەڵ هەردوو قەوارەی کوردی و شیعییدا.

هاشمی بەر لە چەند ڕۆژێك داوای لە حکومەت کرد چەکدارانی ڕابوون کە ژمارەیان نزیکەی ٧٠هەزارە لەو دەزگایانە دامەزرێن کە سەر بە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و ئەمنین، بەڵام حکومەتی مالیکی و سەرکردەی ئیئتیلاف بەرامبەر ئەو داوایە خۆیان دەپارێزن.

ئەو چەکدارانە هێزەکانی ئەمەریکا ئیستقطابی کردن و لە ڕووی داراییشەوە هاریکاریان دەکات بۆ ئەوەی دژی ڕێکخراوی قاعیدە بوەستن، هەندێ لەو چەکدارانە ئێستا لە چەند گەڕەکێکی ناو بەغداش دەبینرێن وەك ئەعزەمیە و فەزل، ئەمە لەکاتێکدا سەرۆك وەزیرانی عێراق و عەبدولعەزیز حەکیم وا بە پێویستی دەزانن کە ئەم چەکدارانە لە ژێر چەتری حکومەتدابن و بێنە ناساندن، چونکە بەپێی زانیاری ئەو دووە هەندێ لەو چەکدارانە پیاوی ئەمن و هەواڵگری ڕژێمی پێشوون.

ئەو مەسەلەیە تەنیا گیروگرفتی بۆ حکومەت لەگەڵ تاریق هاشمی دروست نەکردووە، بەڵکو بۆ لایەنی ئەمەریکیش.

سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵا لە وتاری ڕۆژی جەژنی قورباندا هۆشداری دا کە نابێ چەکدارانی ڕابوون لە پاراستنی ئەمنیدا ببنە ئەلتەرناتیڤی حکومەت.کەواتە بەپێی ئەو وردەکارییەی کە خستمانە ڕوو، بەردەوامی ئەو جۆرە ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنە بەندە بەوەی کە هەرلایەك لەو لایەنانە چ قازانجێکی لێ دەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو جۆرە ڕێککەوتنە هەر وەك پردێکی کاتییە کە سروشتی ململانێیەکەی سەر گۆڕەپانی عێراق و ناوچەکە فەرزی دەکەن.

بۆیە پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی کە گلەییان لە ئەدای حکومەتی مالیکی هەیە پشت بە هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینە و فراوان ببەستن. ئەمەریکا پشتگیری لە مالیکی دەکات، چونکە ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، بەڵام هەر کات ئەو ئەلتەرناتیڤە بدۆزێتەوە لای دەبات، کەواتە تا ئەو ئەلتەرناتیڤە دەدۆزرێتەوە چ باشە بکرێ؟

لێرەدا دوو هەڵبژاردە هەیە:

١- دەست پێداهێنان بە حکومەتی ئێستا لەرێی گەڕانەوەی ئەو وەزیرانەی کە دەستیان لە کارکێشاوەتەوە.

٢- پێکهێنانەوەی حکومەت بەسەرۆکایەتی مالیکی بەڵام لەسەر بنچینەیەکی نوێ.

ئەگەر بێینە سەر هەق هەر دوو بژاردەکە هەر وەك ئەوە وایە کە تۆ دەرزییەکی خاو کەرەوە لە کابرایەك بدەیت کە ئومێدی ژیانی لێ نەکرێ.


کەواتە چارەسەری کۆتایی لە گۆڕینی مالیکی و حکومەتەکەیدایە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان قەوارە گەورەکان خەریکە هەڵدەوەشێنەوە، وەك ئەوەی لە ناو ئیئتیلافدا ڕوودەدات و هەروا دوا درزەکەی ناو قەوارەی تەوافوق بەهۆی مۆرکردنی حزبی ئیسلامی لەسەر ڕێکەوتنە سێ قۆڵییەکە.

بەکورتی هەرچەند تەمەنی حکومەتی مالیکی درێژ بێت گیروگرفتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و چەندیش ئەو تەمەنی کورت بکرێتەوە بۆ ئێمە مانان باشترە.

**ئەمەریکا پشتگیری لە مالیکی دەکات، چونکە ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی لەبەردەمدا نییە**

**ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی کە لە هاوپەیمانی کوردستانی زۆر نزیکە و یەك بەرە کۆیان دەکاتەوە ئەویش نەك هەر فشاری پێویستی نەخستەسەر مالیکی، بەڵکو جڵەوی هەندێ ئەندامانی خۆیشی نەگرت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە دژی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)قسەیان دەکرد**

**چارەسەری کۆتایی لە گۆڕینی مالیکی و حکومەتەکەیدایە، هەرچەند تەمەنی حکومەتی مالیکی درێژ بێت گیروگرفتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و چەندیش ئەو تەمەنی کورت بکرێتەوە بۆ ئێمە مانان باشترە**



# کەرکووک
# کوردستانێکی بچووک

## دوای درێژکردنـەوەی مـاوەی جێبەجێکردنـی مـاددەی ١٤٠ کەرکووک لەمەحەکی پابەندبوونی ئەخلاقی و یاسایی نیویۆرک و واشنتۆن و بەغدادا



**رزگار عەلی( سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک) بۆ گوڵان:**

# ئەگەر حکوومەتی عێراق میکانیزمی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) کارا نەکات لەم شەش مانگەی داهاتووشدا جێبەجێ ناکرێت

**■ درێژکردنەوەی ماددەی١٤٠ی دەستووری عێراق تایبەت بە گەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەسەر پێشنیاری رێکخراوی یونامی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و پشتگیری راستەوخۆی ئەمەریکا و بەڵێنەکانی حکوومەتی عێراق بە پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری عێراق بە ماددەی(١٤٠) یشەوە ، کێشەی کەرکووك و تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان خستۆتە بەردەم مەحەکی رێکخراوی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئیدارەی ئەمەریکی و حکوومەتی فیدراڵی عێراق و پابەندبوونییان بە پرانسیپە ئەخلاقی و یاساییەکانەوە.**

**پەرلەمانی کوردستانیش هەر لەم روانگەیەوە، ئەو پێشنیارەی قبوڵکردووە بەوەی ئەگەر لە شەش مانگی داهاتوو ئەم مەسەلەیە جێبەجێ بکرێت ئەوا ئامادەباشی تێدایە، ئەو بوارە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان برەخسێنێت.**

**بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە، گوڵان پەیوەندی بە رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.■**

**دواخستنی ماددەی١٤٠ بە رێککەوتن بووە**

ئومێد و خۆزگە شتێکە و، واقیعیش شتێکی دیکەیە، ئەو بە دواداچوونەی ئێستا لەسەر ماددەی ١٤٠ دەیکەین و ئەو پرسیارانەی دەوروژێن بۆچی وادەی ئەم ماددەیە درێژکرایەوە و ئایا ئومێد هەیە لە ئایندەدا جێبەجێ بکرێت، دەبوو ئێستا باس لەوە بکرێت چۆن کەرکووك لە باوەشی هەرێمی کوردستاندا قەرەبووی دەیان ساڵەی سیاسەتی تەعریب و راستکردنەوەی سیاسەتی دیموگرافی و ئیداری بۆ بکرێتەوە، بەداخەوە ماددەی ١٤٠ لە وادەی خۆی جێبەجێ نەکرا، سەبارەت بە دواخستنی ئەم ماددەیە رزگار عەلی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:

دیارە دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لەگەڵ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتننامەیەکیان ئیمزاکردووە کەوا ماددەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ٦ مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە، لەم رووە رێکخراوی یونامی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە ئۆفیسی سەرەکیان لە بەغدایە بەڵێنی ئەوەیان داوە یارمەتی لۆجیستی و تەکتیکی، لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دابین بکەن.

رێکخراوی یونامی لە (٢٠٠٧/١٢/١٥) لە بەیاننامەکەیدا ئەم ئامادەباشییەی بە رەسمی راگەیاندووە، لە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٨) یش خاتوو کوندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە شەخسی سەردانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کرد و لەگەڵ نوێنەرانی هەموو لیستەکان کۆبووە، لەو کۆبوونەوەیەدا کە خاتوو کوندالیزا رایس بە فەرمی وەکو حکوومەتی تورکیا هەڵوێستی راگەیاند ئەوان پێیان راگەیاندین کە بەکارێکی باشی دەزانن پشتیوانی لە

**کۆندالیزا رایس کە هات بۆ کەرکووک پەیامەکەی بریتی بوو لەوەی کە پشتیوانی لە درێژکردنەوەی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەی ٦ مانگ دەکات. هەروەها پێی راگەیاندین حکوومەتی ئەمەریکا پشتیوانی لەوە دەکات کە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و لە بەرێوەبردنی پارێزگای کەرکووک بەشدار بن**

ئەو سێ لایەنە(سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان) بکەن، هەروەها پشتگیریش لە پێشنیارەکەی رێکخراوی یونامی بکەین، کە ئامادەباشی پیشانداوە بۆ ئەوەی کار ئاسانی لۆجیستی و تەکنیکی لەم مادەیەدا پێشکەش بکەن.

**پەیامی رایس لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك:**
**پشتگیری لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکەین**

هاتنی کوندالیزا ڕایس بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، رەهەندی زۆر گەورەی لێدەخوێنرێتەوە، هەرە سادەکەیان ئەوەیە، گواستنەوەی قورسایی دیپلۆماتی گەورەترین دەوڵەتی ئەم جیهانەیە بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، هەربۆیە ئەو وتانەی لەو کۆبوونەوەیەشدا ئاماژەی پێکردوون لە رووی نەریتی دیپلۆماتییەوە و پابەندبوونێکی ئەخلاقی و یاسای وڵاتەکەی بەو بەڵێنانەی لەو کۆبوونەوەیەدا داویەتی، سەبارەت بە قسەکانی خاتوو رایس رزگار عەلی کە بە فەرمی وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کردووە بەمجۆرە دەقی قسەکانی رایسی کە لەو کۆبوونەوەیدا کردبوون بۆ گوڵان دووپاتکردووە:

(دیارە خاتوو کۆندالیزا رایس کە هات بۆ کەرکووك هەڵگری پەیامی حکوومەتی ئەمەریکا بوو، پەیامەکەی بریتی بوو لەوەی کە پشتیوانی لە درێژکردنەوەی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەی ٦ مانگ دەکات. هەروەها حکوومەتی ئەمەریکا پشتیوانی لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکا. هەروەها پێی راگەیاندین حکوومەتی ئەمەریکا پشتیوانی لەوە دەکات کە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و لە بەرێوەبردنی پارێزگای کەرکووك بەشدار بن. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو کۆندالیزا رایس بەڵێنی ئەوەی پێداین کە ئەمەریکا دۆستی درێژخایەنی عێراقییەکانە و ئامادەباشە هاوکاری کەرکووك بێت بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری لە کەرکووك و بەردەوامیش دەبن).

**دەبێت میکانیزمی ماددەی ١٤٠ کارا بکرێت**
**رێکخراوی یونامی بیانووی حکوومەتی عێراقی بڕیوە.**

دوای ئەم گۆڕانکارییانە و ئامادەباشی رێکخراوی یونامی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت ئومێد بەوە پەیدا بکرێت کە ماددەی ١٤٠ کەوتووتە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنەوە و رەهەندێکی نێودەوڵەتی بە خوەگرتووە، سەبارەت بە گەیشتنی بەم رەهەندە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك گوتی:

(گەشبینی بۆ ئایندەی هەر کێشەیەك لە سەر بنەمای شتە ماددییەکان بونیا دەنرێت، من پێموایە ئەگەر حکوومەتی عێراق بەو سیستەم و میکانیزمەی پێشوو کار بکات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکات، ئەوا نەك لە ٦ مانگی داهاتوو، بە دوو شەش مانگی دیکەش ئەو ماددەیە جێبێەجێ ناکرێت، ئەمە سەبارەت بە حکوومەتی عێراق.

بەڵام ئەوەی لەم شەش مانگەدا ئومێد دەکەین گۆرانکاری بێنێتە ئاراوە پێشنیارەکەی رێکخراوی یونامییە کە ئامادەباشی خۆیان پێشانداوە کە لایەنی لۆجستی و تەکنیکی پرۆسەکە لە ئەستۆ دەگرن و بەمەش حکوومەتی عێراق بیانوو بڕکراوە کە بڵێت ناتوانم لایەنی لۆجستی و تەکنیکی پرۆسەکە دابینی بکەم، ئێستا ئەوەی کە پێویستە حکوومەتی عێراق ئەنجامی بدات تەنها ئەوەندەیە بڕیارەکان بە شێوەی تیۆری دەربکات.

**کوردیش بەشێك کەمتەرخەمی دەکەوێتە ئەستۆ**

لایەنی کوردستان یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم شەش مانگەی دادێ لە سەر ئاستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقیش ئەرکێکی زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ ئەوەی رێگە نەدەن ئەم پرۆسەیە خاوبوونەوەی تێبکەوێت، سەبارەت بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم یان لایەنی کوردستان لەم پرۆسەیەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك گوتی: ئێمە وەك خەڵکی کوردستان هەتا ئێستاش خۆمان لە عێراقدا بە غەریب دەزانین، بە پێچەوانەوە ئێمە بەشێکین لە خاك و گەلانی



عێراق، لە حکوومەتیشــدا، چ وەك حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتــی بەغداش ئێمە بەشــێکین لە عێــراق، هەر بۆیە کە دەڵێین حکوومەتی عێراق واتە بەشــێك بــەر حکوومەتی هەرێمی کوردســتانیش دەکەوێت لەم روانگەیەوە حکوومەتی کوردســتانیش پێویســتە بەشێك لە قورسایی ئەم مەسەلەیە بخاتە ئەستۆی خۆیان دەبێت رۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە جێبەجێکردنی پرۆسەکەو نابێ لەم پرۆسەیەدا بێ لایەن بێت.

**دواخســتنی کۆبوونــەوەی ٢٠٠٨/١/٣ ئەنجوومەنــی پارێزگای کەرکووك**

بڕیاربوو رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١ کە دوایین رۆژی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠بــوو، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کۆبوونەوەیەك گرێبــدات، بــەڵام وەك بینیمان لە بری ئــەو کۆبوونەوەیە کە وەك هەڵوێســتێك لەســەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە گرێبدرێت، بەڕێز مام جەلال ســەرکۆماری عێراق ســەردانی ئێوەی کردو لەگەڵتان کۆبووە، پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەردانەکەی سەرکۆمار لە بری کۆبوونەوەکەی پارێزگای کەرکووك بوو؟ لە وەڵامی ئەم پرســیارەدا رزگار عەلی بەمجۆرە ئەم باسەی روونکردەوە:

"هاتنی بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق بۆ کەرکووك کۆبوونەوەی لەگــەڵ ئەنجوومەن و پارێزگای کەرکووکدا پەیوەندی بە کۆبوونەوە نائاســاییەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە نەبوو، جەنابی مام جەلال لە هەولێرەوە سەردانی کەرکووکی کردو لەگەڵمان کۆبووە، پاشــانیش وەك ســکرتێری گشتی یەکێتی نیشــتمانی کوردستان لەگــەڵ مەڵبەندو کادرە پێشــکەوتووەکانی یەکێتــی لە کەرکووك کۆبۆوە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیاربوو رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١، ئێمە لــە رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٠ کە دەکاتە ٥ رۆژ دوای وادەی تێپەڕبوونــی بەســەر ئەنجامنەدانی ریفراندۆم لە کەرکووك و ناوچەکانــی دیکە، ئێمە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکــووك کۆبوونەوەیەکمان گرێداو لــەو کۆبوونەوەیە بە تێکڕای دەنگ بڕیارماندا کەوا لــە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی گرێبدەین و کۆبوونەوەکەش وەك هەڵوێست وەرگرتن تایبەت بێت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە وادەی خۆیدا.

ئەم رێککەوتنە پێش رێککەوتنی ســێ قۆڵی و پێشنیاری یونامی و هاتنی رایس لە نێوان لیســتی برایەتی و لیســتی گردبوونەوەی کۆماری عێراق"کوتلەی عەرەبی" ئیمزاکرابوو، دوای ئەو رێککەوتنە ئێمە بە کارێکی نەشــیاومان زانی لــە رۆژی٢٠٠٧/١٢/٣١ بەبێ ئاگاداری ئــەوان کۆبوونــەوە بکەین"وانەبێ ئــاگاداری کوتلەی عەرەبی" هەر بۆیە کۆبوونەوەکەمان دواخســتنی رۆژی ٢٠٠٨/١/٢ خۆم لیستی کوتلەی عەرەبیم ئاگادارکردووە کە رۆژی ٢٠٠٨/١/٣ ئــەو کۆبوونەوەیە گرێدەدەیــن بەڵام رۆژی ٢٠٠٨/١/٣ لیســتی گردبوونەوەی کۆماری عێراق پێیان راگەیاندین ئەوان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە ناکەن.

**مادەی ١٤٠ ئەولەویاتی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە**


ئەو یاداشــتەی کە لیســتی هاوپەیمانی کوردســتان پێشکەشی حکوومەتی عێراقی کردووە، ماددەی ١٤٠ی بە خەتی سوور داناوەو بە یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی دیاریکردووە، بەتایبەتی هەر لەم ژمارەیەی گوڵاندا، دکتۆر مەحمود عوسمان لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵاندا راشــکاوانە هۆشداری دەداتە حکوومەتی عێراق کە هۆکاری رێککەوتنی شۆڕشــەکانی کــورد لەگەڵ حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، مەسەلەی کەرکووك و دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بووە.

دەربــارەی بایەخی ئەم ماددەیە لە ئەژیندای لیســتی هاوپەیمانی کوردســتاندا رزگار عەلی گوتی:" گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردســتان یەکێکە لە گرنگترین ئامانجە ستراتیژییەکانی بەرنامەی لیســتی هاوپەیمانی کوردســتانی و ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردســتان پابەندن بەو ئامانجــەو پەیام هەڵگری ئەو ئامانجەن، کێشــەی کەرکووکیش کە بەشــێکە لە دەستووری عێراق بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو بەڵام کارکردنی جدیشــی دەوێت هەتا ئەم ئامانجە دێتەدی".

**ئەوەی لەم شەش مانگەدا ئومێد دەکەین گۆرانکاری بێنێتە ئاراوە پێشنیارەکەی رێکخراوی یونامییە کە ئامادەباشی خۆیان پێشانداوە کە لایەنی لۆجستی و تەکنیکی پرۆسەکە لە ئەستۆ دەگرن و بەمەش حکوومەتی عێراق بیانوو بڕکراوە کە بڵێت ناتوانم لایەنی لۆجستی و تەکنیکی پرۆسەکە دابینی بکەم**



# لەگەڵ دەسپێكی ٢٠٠٨ ئەگەری گۆڕانكاری لە حكوومەتی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدییەكان



**سەردانەكەی د. مالكی كە بە مەبەستی پشكنین و چارەسەری پزیشكی بۆ لەندەن ئەنجامیدابوو كۆتایی هات، بە گەڕانەوەی بۆ بەغدا مەزندەی ئەوە دەكرێت كۆمەڵێك گۆڕانكاری بەرچاو لە پێكهاتەو بەرنامەی حكوومەتەكەیدا ڕوویدات بەتایبەتی كۆمەڵێك بڕیارو یاساو ماددەی دەستووری و دووبارە وەگەڕخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی كە ئەمانە هەمووی كۆمەڵێك مەسەلەی گرنگن و دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٧ چارەسەر بكرانایە، بەڵام بە بیانووی ناسەقامگیری ناوچەكانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق و پرۆسەی سەپاندنی یاسا لە بەغدا، هەموو ئەمانە جێبەجێ نەكراون و بوونە بەرنامەی ساڵی ٢٠٠٨و دەبێت لە سەرەتای ساڵەوە هەنگاوی جدی بۆ هەڵبگرێت.**

**سەبارەت بەو ئەگەرە چاوەڕوانكراوانە د. مەحمود عوسمان لە لێدوانێكی تایبەت بە گوڵان و دەربارەی دەنگۆی ئەو گۆڕانكارییانە كەوا بڕیارە لەگەڵ هاتنەوەی د. مالكی لە لەندەن دەستی پێبكرێت بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن.**

### د. مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

## ئەگەر د. مالكی نەتوانێت گۆڕانكاری بكات و ڕووبەڕووی تەحدییەكان بێتەوە، گۆڕینی كابینەكەی چاوەڕوانكراوە

**پێـــش هەموو شـــت دەبێت عەرەبی ســـوننە بگەڕێنـــەوە ناو حكوومەت**

كۆمەڵێك گۆڕانكاری یان دەسپێكی حكوومەتی خۆشگوزەرانی وەك میدیاكان ئاماژەی پێدەكەن و دەســـپێكی ساڵی تازەش وەك هەنگاوێك بۆ ئەم بەرنامەیە بە زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران دەســـتیپێكرد، ئایا هەنگاوی یەكەمی ئەم گۆڕانكارییانە چۆن دەســـتپێدەكەن و میكانیزمی گونجاو بۆ سەركەوتنی بەرنامەی ئەم حكوومەتە چۆن دەبێت كە بانگێشـــەی ئەوە دەكات ســـاڵی ٢٠٠٨ ســـاڵی خۆشـــگوزەرانی و ڕووبەڕووبوونـــەوەی گەندەڵی دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرســـیارەی گوڵاندا د. مەحمود عوسمان گوتی:"حكوومەتی عێراق خۆی ئەوەی ڕاگەیاندووە كە ســـاڵی ٢٠٠٨ ساڵی ئاوەدانكردنەوەو بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك و پێشكەشـــكردنی خزمەتگوزاری و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەبێت، ئەم ڕاگەیاندنە پشـــتی بەو بارودۆخە بەستووە، وەك دەڵێن بارودۆخی ئاسایش بەرەو باشتر چووەو حكوومەت دەتوانێت باشتر ئەو بۆشاییانە پڕ بكاتەوە، بەڵام بە بڕوای من پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێك هەڵبگرێت دەبێت دوو مەسەلەی گرنگ هەیە بخرێتە ئەولەویاتەوە:

یەكەم/ دەبێت ئەو بۆشاییانەی لە ئاكامی كشانەوەی عەرەبی سوننە لە كابینە وەزارییەكاندا دروستبووە پڕ بكرێتەوە.

دووەم/ بۆ ئەوەی ئەو كێشـــانەی تائێســـتا چارەسەر نەكراون و بتوانن چارەســـەریان بكەین، پێویستە ئاشـــتبوونەوەی نیشتمانی گشتی بێتە ئاراوە.

بە بڕوای من هەنگاوی گرنگ بۆ سەركەوتنی ئاشتبوونەوەی

گشتیش لە دوو خاڵی گرنگەوە دەستپێدەکات:

١- ئازادکردنی ئەو بەندکراوانەی کە بەشێکیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوەو بەشێکی لەگەڵیان نەکراوەو شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نییە، ئەوە دەبێتە دەسپێك و نیبەت باشی بۆ پرۆسەیەکی ئاشتبوونەوەی گشتی.

٢- ئەو هێزانەی عەشائیری عەرەب کە پێیان دەڵێن"الصحوة"و لە دژی تیرۆرو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕاپەرین و ڕۆڵێکی باشیان لە ئاسایشکردنەوە بینی، دەبێت ڕێگەچارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوەو ڕێگەچارەکەش بەو جۆرە بێت کە پێی ڕازی بن بۆ ئەوەی هەنگاوێکی دیکەش بچنە پێش.

**ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان لەسەرخستنی ئەم پرۆسەیە**

هەنگاوەکانی بونیادی ئەو حکومەتەی کە بتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات لایەنێکی گرنگی دیکە دێتە پێشەوە، ئەویش ڕۆڵی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانە کە دەبێت پشتگیری ئەو هەنگاوانە بکەن کە پێگەی ئەو حکومەتە بەهێز دەکات بەتایبەتیش هەر چوار لایەنەکەی ڕێککەوتنی چوار قۆڵی و حزبی ئیسلامی عێراقیش کە ئێستا دوای مۆرکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووبارە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت بگەڕێتەوە بۆ ناو حکومەت.

سەبارەت بە کاریگەری لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەم حکومەتە د. مەحمود گوتی:"ئێمە ناتوانین ڕێکخستنەوەی ئەم هەموو مەسەلەیە بە تەنها بخەینە ئەستۆی شەخسی د. مالکی یان کابینە وەزارییەکەی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو لایەك دەزانن، ئەمڕۆ لە عێراقدا ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی بەسەر پەرلەمان و حکومەتیشدا هەیە، هێزە سیاسییەکانە، هەربۆیە دەبێت لە دەسپێکی ساڵی تازەوە لایەنە سیاسییەکانیش دەست بە کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و هەوڵبدەن ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا هەیانە چارەسەری بکەن و کار بکەن بۆ ئەوەی لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی ڕێکبکەون بۆ ئەوەی پێگەی دەسەڵاتی حکومەت بەهێزتر بکەن، هەروەها پێویستە پێ لەسەر ئەوە داگرن ئەو مەسەلانەی کە پێویست بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرێن و ئێستا گوازراونەتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ کارا بکرێن و بتوانرێت لەم ساڵەدا جێبەجێ بکرێت وەك:

١- پەسەندکردنی یاسای نەوت.

٢- جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە شەش مانگی داهاتوودا.

٣- مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

هەروەها چەندین مەسەلەی دیکە کە لەسەریان ناکۆکی هەیەو بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەم قۆناغە دەبێت خۆی بۆ ئامادە بکرێت و ڕووبەڕووی تەحدییەکان ببنەوە.

**یاداشتنامەی لێکگەیشتن کلیلی گەڕانەوەی سوننەیە بۆ حکومەت**

دوای مۆرکردنی یاداشتنامەی لێکگەیشتن لە نێوان پارتی و یەکێتی و حزبی ئیسلامی عێراقدا، ئەگەر یان دەنگۆی گەڕانەوەی عەرەبی سوننە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و حکومەتی عێراقیش زیاتر بووە، هەر بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەم یاداشتنامەیە تا چەند کاریگەری لەسەر گەڕانەوەی عەرەبی سوننە هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا د. عوسمان گوتی: چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت حزبی ئیسلامی عێراق کە گەورەترین لایەنی عەرەبی سوننەی عێراقە بگەڕێتەوە ناو پرۆسەی سیاسییەکە، بەڵام بەمەرجێ حکومەتی عێراقیش لەگەڵیاندا نەرم بێت و بەشێك لەو داواکارییانەیان بۆ جێبەجێ بکات کە داوایان کردووە، پێشتریش هەردوو لایەنە سەرەکییەکەی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵێکی زۆریان داوە کە حزبی ئیسلامی بێتە ناو ڕێککەوتنە چوارقۆڵییەکە و بێتە ڕێکەوتنی پێنج قۆڵی، بەڵام ئێستا ئەم هەوڵانە زیاتر چوونە پێش و خەریکە قەناعەتێك دروست دەبێت کە حزبی ئیسلامی بێنە ناو ئەو ڕێککەوتنە، بەمەش بنکەی حکومەتەکەی فراوانتر دەبێت.

لەگەڵ د. مالکیش هەوڵدراوە کە دەستەیەك هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ئەم دەستەیە بریتی بین لە سەرکۆمار و سەرۆك وەزیران و دوو جێگرەکەی واتە ٣+١، بەپێی دەستووری عێراقیش سەر کۆمار و سەرۆك وەزیران دەستەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی عێراقن بۆیە دەتوانرێت پێکەوە کار بکەن.

**یاداشتنامەی کورد بۆ حکومەتی عێراق دووبارە وتوێژکردن لەسەر داواکانی کورد**

لە مانگی ڕابردوو شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی ڕێزدار(نێچیرڤان بارزانی ) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی چەند کێشەیەکی گرنگ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی سەردانی بەغدای کرد، بەڵام بەداخەوە کێشەکان چارەسەرنەکران، ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە لایەنی کوردی یاداشتنامەیەکی داوەتە حکومەت و بڕیارە بۆ وتوێژکردن لەسەر ئەم یاددشنامەیەش شاندێکی دیکە سەردانی بەغدا بکات. سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم یاداشنامەیە و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا د. مەحمود بەمجۆرە باری سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

یاداشتنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەیە کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقەوە هەیە.

بەشێکیان پەیوەندی بە داواکانی کوردستانەوە هەیە، وەك مەسەلەی نەوت و ئەو کۆنتراکتانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیای بیانییەکان ئیمزای کردوون، هەروەها مەسەلەی پێشمەرگە و مادەی ١٤٠ بۆ ئەوەی لە شەش مانگی داهاتوو جێبەجێ بکرێت، بەشێکی دیکەی یاداشتنامەکە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەرامبەر عێراقیش خۆی بەرپرسیار دەزانێت کە ئەوانەش بریتین لە :

١- حکومەتی مالکی ئاگادارکراوەتەوە کە ئاشتبوونەوەی گشتی وەك پێویست نەبوو.

٢- بەندکراوەکان بەرنەبوون.

٣- هەندێك ڕەفتاری تاکڕەوانە هەیە کە سەرۆك وەزیران بەبێ

●●●

**هاوپەیمانی کوردستان هەروا بێ بەرنامە حکوومەتی لەگەڵ لایەنی شیعە پێکنە هێناوە، بەڵکو بەپێی ڕێککەوتنێک کە بەر لە پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ ئیتیلافی شیعە ئیمزای کردووە، تیایدا هاتووە، ئەگەر هەریەک لە ئیتیلافی شیعە یان هاوپەیمانی کوردستان لەو کابینە وەزارییەی ئێستا کشایەوە، ئەوا دەبێت ئەو کابینە هەڵبوەشێتەوە و کابینەیەکی نوێ پێکبهێنرێت، واتە ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی هاوپەیمانی کوردستان کشایەوە ئەوا حکوومەتی مالکیش نامێنێت**

●●●

**دەبێت لە رووی سیاسییەوە ئەو راستییەی کوردستان تەفەهوم بکەن کە ئێمە ناتوانین هەرێمێکمان هەبێت و دان بەوەدا بنێین سنووری ئەم هەرێمە تەنیا پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆکە، تەنیا سێ پارێزگایە و کەرکووکی دڵی کوردستانیش دابڕابێت**

**ئێمە ناتوانین هەموو مانگێک چاوەڕێی ئەوە بین لە بەغداوە پارەمان بۆ بێت، کوردستان خاوەنی سامانی سروشتی خۆیەتی، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستووردا بۆی دیاریکراوە مافی خۆیەتی بە هاریکاری لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی ئەو سامانە سرووشتیەی خۆی بەکاربهێنێت**

راوێژکردن لەگەڵ وەزیرەکان ئەنجامیـــداوە، دەبێت ئەم رەفتارە تاکرەویانە نەمێنن.

**کێشـــەی نەوت و بووجەی پێشـــمەرگە و مـــاددەی ١٤٠ و کارتەکانی کورد**

نەوت و بووجەی پێشمەرگە و ماددەی ١٤٠ ئەو سێ مەسەلە گرنگەن کە بەبێ گوشـــار و کارتی دەســـت وتوێژی پێویستیان لەســـەر ناکرێت، هەر بۆیە کـــورد هەموو کات چەند کارتێکی بە دەستەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەو تووێژەکاندا بەکاریان بهێنێت.

دەربارەی پێگە وکارتەکانی دەســـتی کورد لەم هاوکێشەیەدا د. مەحمود عوسمان گوتی:

پێش هەموو شـــتێك و بەر لەوەی بێمە ســـەر بایەخی ئەو سێ پرســـە گرنگە دەمەوێت لەســـەر پێکهێنانی حکوومەت لە نێوان هاوپەیمانی کوردســـتان و ئیتیلافی شیعە رابوەستم و راوشکاوانە ئەوە بخەمەروو کە هاوپەیمانی کوردســـتان هـــەروا بێ بەرنامە حکوومەتـــی لەگەڵ لایەنی شـــیعە پێکنە هێنـــاوە هاوپەیمانی کوردســـتان بەپێی رێککەوتنێك کە بەر لە پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ ئیتیلافی شـــیعە ئیمزای کـــردووە، تیایدا هاتووە، ئەگەر هەریەك لە ئیتیلافی شیعە یان هاوپەیمانی کوردستان لەو کابینە وەزارییەی ئێستا کشایەوە، ئەوا دەبێت ئەو کابینە هەڵبوەشێتەوە و کابینەیەکی نوێ پێکبهێنرێت، ئەمەش واتە ئەگەر کار گەیشـــتە ئەوەی هاوپەیمانی کوردستان کشایەوە ئەوا حکوومەتی مالکیش نامێنێت.

بەڵام بە بڕوای من یاداشـــتنامەکەی هاوپەیمانی کوردســـتان لەسەر چەند ئاستێك گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەشێکی تەنیا لە نێوان هاوپەیمانی کوردستان و حکوومەتی مالکی دەبێت، بەشێکی دیکەی لە نێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئیتیلافی شیعەدا بێت، بەشێکیشی کە پەیوەندی بە هەموو عێراقەوە هەیە دەبێت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراقدا وتووێژیان لەسەر بکرێت.

ســـەبارەت بەو مەســـەلانە ئاماژەیان پێکراوە، وەك هەنگاوی یەکەم دەتوانێت لە رووی سیاسیەوە تەفاهومی لەسەر بکرێت، ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان دوو مەسەلەی گرنگمان هەیە، دەکرێت بڵێم ئەو دوو مەسەلەیە هێلی سوری ئێمەن و بریتین لە:

**یەکەم/ سنوری هەرێمی کوردستان**

دەبێت لە رووی سیاسییەوە ئەو راستییەی ئێمە تەفەهوم بکەن کە ئێمە ناتوانین هەرێمێکمان هەبێت و دان بەوەدا بنێین ســـنووری ئـــەم هەرێمە تەنیـــا پارێزگاکانی هەولێر و ســـلێمانی ودهۆکە، تەنیا ســـێ پارێزگایە و کەرکووکی دڵی کوردستانیش دابڕابێت و دەتوانین بیگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەم راستەدا ماددەی ١٤٠ بـــۆ ئێمە زۆر گرنگە، پێویســـتە ئیمکانیەتی زیاتر بۆ ئەم ماددەیە تەرخان بکرێت، ئێستا ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بـــۆ تەرخانکراوە، بە مەزندەی مـــن جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە زیاتـــر لە یەك ملیار دۆلاری دەوێـــت، دەبێت لایەنی بەرامبەر لە هەستیاری ئەم مەســـەلەیە تێبگات، بە نیسبەت ئێمەوە و دەبێت بزانێت هەموو پێکنگەیشـــتنێکی نێوان کورد و حکومەتە یەك بە دوایەکانی عێراق لەســـەر ئەم مەســـەلەیە بووە و ئەم مەسەلەیە هێلی سوورە بۆ ئێمە.



**دووەم/ مەســـەلەی ئابووری ئێمە ناتوانیـــن هەموو مانگێك چاوەڕێی ئەوە بین لە بەغداوە پارەمان بۆ بێت.**

مەســـەلەیەکی دیکەی گرنگ مەسەلەی ئابوورییە، هەرێمی کوردســـتان ناتوانێت بەبێ ئابووری بژی یـــان هەموو مانگێك چاوەڕێـــی بەغدا بکەین بزانیـــن پارەمان بـــۆ دەنێرێت یان نە، کوردســـتان خاوەنی ســـامانی سروشـــتی خۆیەتی، بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی لە دەســـتووردا بۆی دیاریکراوە مافی خۆیەتی بە هاریکاری لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی ئەو سامانە سرووشتیەی خۆی بەکاربهێنێت.

**ئێمە دەمانەوێت هاریکاری بکەین حکوومەتی عێراق دەیەوێت مەرکەزیەت بچەسپێنێ**

**ســـەبارەت ئەوەی کە کێشـــەکانی نێـــوان هەولێـــر و بەغدا لەدەستووردا.**

رێگە چارەی گونجاوی بۆ دیاریکراوە د.مەحمود گوتی:

ئێمـــە وەك هاوپەیمانی کوردســـتان ئامادەین تەفاهوم لەگەڵ حکوومەتدا بکەین، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەوان نایانەوێت، ئەوان هەتا ئێســـتاش بیرکردنەوەیان بەو جۆرەیە و دەیانەوێت بگەڕێنەوە



سەر سیستەمی حکوومەتی مەرکەزی، ئەمەش بۆ ئێمە ناگونجێت و قبول ناکرێت و نامانەوێت، هەر بۆیە ئەگەر لە رووی سیاسییەوە رێککەوتین ئـەوا رێکدەکەوین، ئەگـــەر نەمانتوانی رێککەوین مەســـەلەکە رووبەرووی دادگای بـــاڵای فیدراڵی دەکەینەوە کە ئەو دەتوانێت تەفسیری دەستوور بکات، بزانین تەفسیرەکەی ئێمە پەسند دەکات یان هی ئەوان.

بە بڕوای من ئەم کێشـــانە هەموویان چارەسەریان هەیە، بەڵام رەنگە ئەوان نەیانەوێت چارەســـەریان بۆ بدۆزنـــەوە و نایانەوێت هەرێمـــی کوردســـتان بە بەهێـــزی بمێنێتـــەوە و هەنگاوەکانی گەشەسەندن بەردەوام بێت.

ســـەبارەت بە بودجەی پێشـــمەرگەش کە بەشێکە لە بودجەی فیدراڵی، کێشـــەکە ئەوەیە کە ئەوان دەڵێن ئێمە لە سەر ٣٠ هەزار پێشمەرگە رازی دەبین و ئێمەش داوای ٧٠ هەزار دەکەین.

**کارتی هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە**

ســـەبارەت بە گەڕانەوەی حزبی ئیســـلامی بۆ ناو پرۆسەکە و گەڕانـــەوەی بۆ ناو حکوومەت و یادداشـــتنامەکەیان لەگەڵ پارتی و یەکێتی، ئایا ئەمە تا چەند گوشار لە سەر حکوومەتی مالیکی دروست دەکات بۆ ئەوەی زیاتر پێ دانەگرێت د.مەحمود گوتی:-

لە سەرەتادا دەمەوێت ئەوە بڵێم یادداشتنامەی سێ قۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبی ئیســـلامی بۆ گوشـــار دروست کردن نیە، بەڵام کاریگەری لە سەر داواکانی کورد دەبێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە کورد تا دۆستی زیاتر بێت باشترە.

هەر بۆنموونە پێش ئەوەی ئەو رێککەوتنە ســـێ قۆڵیە بکرێت زۆر هەوڵدرا حزبی ئیســـلامی بێنە ناو رێککەوتنی چوار قۆڵی بەڵام نەکرا، ئێستا عەبدولعەزیز حەکیم داوا دەکات حزبی ئیسلامی بێتە ناو رێککەوتنەکـــە، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی دیکە حزبی ئیســـلامی گەورەترین لایەنی عەرەبی ســـوننەیە لە عێراقدا، لە ناو جیهانی ئیسلامیشـــدا ٥٢-٥٣ دەوڵەت رژێمەکانیان سوننەیە و سەرۆکەکانیان ســـوننەیە، حەتمەن حزبی ئیسلامی هەم لەسەر ئاســـتی ناوەوە و هەم لە سەر ئاستی دەرەوە گۆڕانکاری دروست دەکات. بـــۆ ئێمە وەکو کورد زۆر گرنگە لەگەڵ عەرەبی ســـونە رێککەوتنمـــان هەبێـــت، لانی کەم ئەو قســـەیە کاڵ دەبێتەوە کە کورد تەنها لەگەڵ شیعەدا هاوپەیمانی هەیە، هەروەها دەشتوانین باڵانســـێك دروســـت بکەین، ئەم جۆرە رێککەوتنانە کاریگەری ناڕاســـتەوخۆیان هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین عەرەبی ســـوننەی عێراق راشـــکاوانە پشـــتگیری هەموو مافەکانـــی کورد دەکەن، ئێمە گرنگترین کێشـــەی جوگرافیمان لەگەڵ عەرەبی ســـونەی عێراقە، هەروەها ناشتوانین بڵێین عەرەبی شیعە پشتگیری هەموو داخوازییەکانمان دەکەن، بەڵام کورد چەند دۆســـت و هاوپەیمانی هەبێت هێندە رێگەکەی ئاسانتر دەبێت.

**مالیکـــی و تەحەددییـــەکان و ئەگـــەری گۆڕینـــی کابینە وەزارییەکەی**

د.مالیکـــی جیـــا لەوەی لە ســـەر مەســـەلەی (الصحوە) و پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی و داواکانی کورد و لەســـەر مەسەلەی پێشـــمەرگە و نەوت و ماددەی ١٤٠ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کورد و ســـوننە لە ململانێدایەلە هەمانکاتـــدا لە ناو ئیئتیلافی شیعەشدا و بە تایبەتی لەگەڵ باڵی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا و شەخسی عەبدولعەزیز حەکیمیش چەندین گیروگرفتیان هەیە، هەربۆیە ئـــەم گۆڕانکارییانە کابینەکەی مالیکی دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی گەورە، ئەگەری ســـەرنەکەوتنی لە ئەگەری ســـەرکەوتنی زیاترە، ئەگەر وەك گریمانەیەك وامان دانا مالیکی سەرنەکەوت ئایا ئەگەری گۆڕینی کابینەکەی دێتە ئاراوە؟

د.مەحمود عوســـمان بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵانی دایەوە:

ئەگـــەر مالیکی لە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەدا ســـەرنەکەوت و فەشـــەلی هێنا، ئـــەوا حەتمەن دەرگا بـــە رووی گەڕانەوە بۆ گۆڕینی کابینەکە واڵا دەبێت، بە تایبەتی د.مالیکی کە ئێســـتا لەگەڵ باڵی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (عەبدولعەزیز حەکیم) کۆمەڵێك کێشەی هەیە، لەو لاشەوە کورد یادداشتنامەی پێشکەشکردووە و عەرەبی سوننەش بایکۆتی پرۆسەکەیان کردووە، ئەوا هیچ رێگەیەك نامێنێ بێجگـــە لەوەی کە دەبێت گۆڕینی کابینەکە ببێت بە یەکێك لە رێگە چارەکانی.

●●●

**بەغدا تا ئێستاش دەخوازێ بگەڕێنەوە سەر سیستەمی حکوومەتی مەرکەزی، ئەمەش بۆ ئێمە ناگونجێت و قبول ناکرێت، ئەگەر لە رووی سیاسییەوە رێککەوتین ئەوا رێکدەکەوین، ئەگەر نەمانتوانی رێککەوین مەسەلەکە رووبەرووی دادگای باڵای فیدراڵی دەکەینەوە**

●●●

●●●

**بودجەی پێشمەرگە کە بەشێکە لە بودجەی فیدراڵی، بەغدا دەڵێ ئێمە لە سەر ٣٠ هەزار پێشمەرگە رازی دەبین و ئێمەش داوای ٧٠ هەزار دەکەین**

●●●

# کورد و عیراق:
# تەگەرەی دووەم.. سامانی ئابووریە



**سامی شۆرش**

سامانی نیشتمانی، یان وردتر سامانی ئابووری، لە هەر وڵاتێكدا لە جیهان، پێویستە، مایەی گەشەسەندنی ئابووری و بەرەو پێشەوە چوونی بژێوی و شارستانی بێت نەك مایەی شەڕو شۆڕو قات و قڕی. لە عیراقدا، بە تایبەتی بۆ کورد، بە درێژایی هەشتاو ئەوەندە ساڵەی رابردوو، واتە لە دەستپێکی دامەزرانی پیشەسازی نەوت ساڵی ١٩٢١ لە ناوچەی خانەقین و ئینجا لە کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٧، ئەم ئالیەتە سروشتیە نەك هەر بە پێچەوانەوە بووە، بەڵکو هۆیەکی گەورەشی دروست کردوە بۆ لە یەك دابڕان لە نێوان کورد و عیراق دا.

ئێستا، دوای دامەزرانی ئەو عیراقە تازەیەی کە هەموو لایەکمان بە عیراقێکی دیموکراسی لە قەڵەمی دەدەین، هیوا وایە ئەم ئالیەتە ناجۆرەی نێوان سامانی ئابووری و میللەتان و دەوڵەتی عیراقیش بگۆڕدرێت. واتە، ئیتر نەوت لە جیاتی ئەوەی فاکتەری دابڕان و ناکۆکی نانەوەو شەڕو ئازار بێت، ئیتر ببێتە فاکتەرێکی کاریگەری بینا کردن و گەشە پێدانی بژێوی خەڵك و بەهێز کردنی پەیوەندیەکانی کوردو عیراق. بەڵام، بە داخەوە، هێشتا کەلتووری بێ متمانەیی بە کوردو سڵەمینەوە لە کەسایەتیی ئەو میللەتە، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا، تا ئێستاش لە عیراقدا زۆر بەهێزە. تا ئێستاش خەڵك و ناوەندی وا هەیە، بە تایبەتی لە بەغداو لە ناو ناوەندە حکومیەکاندا، بیرو بۆچوونیان وایە کە کورد نابێت لە عیراقدا خاوەنی ئابووری و بڕیاری ئابووری خۆی بێت. نابێت قودرەتی ئیمزا کردن و کۆنتراکت بەستن و کاری مەیدانی هەبێت، هەتا ئەگەر ئەو قودرەت و کارانە بۆ خزمەت کردن و پەرەپێدانی عیراقیش بەکار بهێنرێن . ئەم ناوەندانە، چ بە هۆی ئایدیۆلۆژیای عەرەبایەتی و ژ بە هۆی ئایدیۆلۆژیای ئایینی، هەمیشە وا گۆشکراون کە سەرکوت کردن و نەهێشتنی کەسایەتیی کورد لە بواری سیاسی دا دەست پێ ناکات، بەڵکو، زۆر لە سیاسەت گرنگترو کاریگەرتر، لە بواری ئابووری دا دەست پێ دەکات. بۆیە، دەبینین ئەو ناوەندانە، ئامادەن هەرچیەکی کورد بیەوێت بیدەنێ: پلەو پایەی سیاسی، ماف و پرنسیپی رۆشنبیری، تایبەتمەندی نەتەوەیی، پاراستن و بەکارهێنانی زمان. ئەوەی تەنیا ئامادە نین بیدەنێ مافی ئابووریە: مافی گەشەپێدانی سامانی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی، مافی کەڵەکە کردنی سەرمایە و خاوەنداریێتی لوقمە نانی خۆی.

لێرەوە، گیروگرفتی سامان دەست پێدەکات نەك تەنیا لە نێوان کوردو عیراق بەڵکو لە نێوان زۆربەی میللەتان و دەوڵەتە ئیستیبدایەکان لە جیهاندا: لە سودان تا ئێستا گەورەترین کێشە لە نێوان نوبیەکانی خواروی سودان و حکومەتی خەرتووم دابەش کردنی سامانە. راستە، هەر دوو لا پێش چەند ساڵێك پێك هاتن لەسەر ئەوەی کە ئەم سامانە بە پێی ژمارەی دانیشتوان پێویستە لە نێوان سەروو و خواروی سودان دابەش بکرێت. بەڵام حکومەتی خەرتووم، کە نایەوێت نوبیەکان خاوەنی لوقمەنانی خۆیان بن، تا ئێستاش بە هەزارو یەك فرت و فێڵ دەیەوێت خۆ لەو پێك هاتنە بدزێتەوە. لە یۆگۆسلافیای کۆن، ئێستاش کێشە لە نێوان کۆسۆڤیەکان و بۆسنیەکان و سرب و چیای رەش مەسەلەی دابەش کردنی داهاتە. ئەو شەڕە توندەی سوپای رووس لە دژی چەچانەکان بەرپای کردوە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە مەسەلەی سامانی نەوتیەوە هەیە نەك بە فاکتەری نەژادی.

بە هەر حاڵ، لە عیراقیشدا، بە تایبەتی لە عیراقی سەردەمی صەدام حسین دا، یەك لە ئامرازە گرنگەکانی دروست بوونی دیکتاتۆری پاراستنی داهاتی نەوت و سامانی نیشتمانی بوو لە دەست کەمینەیەکی حوکمداردا. لەوەش زۆرتر، بڕیاری دامەزراندن و بەڕێوە بردن و سەرپەرشتی کردنی پیشەسازیی نەوت، هەمیشە بە دەست حوکمڕانانی بەغداوە بووە. میللەتانی ناو عیراق، بە تایبەتی ئەو میللەتانەی کە نەوت لە خاکەکانیاندا هەبووە، وەك کوردو صابئەی عەمارەو شەرگاویەکانی ناو زۆنگاوەکانی خواروو، هەمیشە لێی بێ بەش کراون. لە جیاتی ئەوەی، دەوڵەت، نەوت بۆ گەشەپێدانی بژێوی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەرج بکات، بۆ پەرەپێدانی دەسەلاتی دیکتاتۆریانەی خۆی بەکاری هێناوە.

ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێت، بە تایبەتی لە بواری سامانی نەوت و گازدا، داخەکە هەر ئەوە نیە کە لەو سەردەمەدا کوردی لێ بەش کرا بوو، بەڵکو لەوە پڕ نەهامەتتر ئەوە بوو کە سامانەکە بۆ شەڕی دەروجیران و شەڕی کورد خۆی و کەڵەکە کردنی چەکی کۆمەڵکوژ بەکار دەهێنرا. جێگەی ئاماژەیە، لە سەردەمی صەدام حسین دا، لە ٪٧٠ ی نەوتی عیراق لە کوردستانەوە

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

دەردەچوو (کەرکووك و دەوروبەری مووسڵ و خانەقین). کەچی لە نەخشەی بوژانەوەی پێنج ساڵی دا کە بەغدا دایدەرشت، هیچ کاتێك سوودی کوردستان لە داهاتی ئەو نیسبەتە، لە ٥٪ تێپەڕی نەدەکرد. بۆیە، شاری کەرکووك کە زۆرترین پشکی لەو نەخشەیە هەبوو، لەو کاتەی لە عیراقدا ڕۆژانە سێ ملیۆن بەرمیل نەوت دەردەکرا، لە گوندێکی گەورە بەولاوە هیچی دیکە نەبوو.

لەوانەش بەولاتر، کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا تووشی شەڕێکی نەگریسی لەناوبردن هاتبوو. پتر لە پێنج هەزار گوندی کوردستان خاپوور کرا بوو. نزیکەی ملیۆن و نیوێك کورد ئاوارەی دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان کرا بوون لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێم. هەزاران هەزار کێڵگەو ڕەزو ئەرزی کشتوکاڵی بە بۆمباو زنجیری تانك و پۆستاڵی سەربازی عیراقی خاپوور کرا بوون. لەو بەرامبەرەدا ڕژێم نەیدەهێشت تەنانەت یەك دۆلار لە داهاتی سامانە نیشتمانیەکەی کوردستان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەم ناوچانە بەکار بهێنرێت. بۆیە کورد لە هەموو خەڵکانی دیکەی عیراق زیاتر پێویستیی بەو سامانەیە بۆ بینا کردنەوەی خۆی. بگرە یەك لە فاکتەرە گرنگەکانی شۆڕشەکانی کورد، هەمیشە ئەوە بووە کە کورد ببێتە خاوەنی سامانی خۆی. خۆ ئەگەر دەرفەت نەبوو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەوا ببێتە شەریکێکی کاریگەر لەو بوارەدا. بەڵام هەمیشە ئامانجی ئەوانەی کۆسپیان خستۆتە بەردەم بەهێز بوونی پەیوەندیەکانی کوردو عیراق، بە هیچ شێوەیەك ئەو دەرفەتیان نە بۆ کوردو نە بۆ عیراق نەڕەخساندوە.

دوای ڕووخانی ڕژێم، ساڵی ٢٠٠٣، ئەم دەرفەتە هاتە پێشەوە. بێجگە لە ماددەکانی دستووری هەمیشەیی، یاسایەکی تازەش بۆ نەوت و گاز لە عیراقدا نووسرایەوە. کورد پشکی هەبوو لە نووسینەوەی ئەو یاسایەدا. ئاماژەکان هەموو بۆ ئەوە بوون کە کورد ئیتر دەبێت بە خاوەنی بڕیارو ئیمزاو کەرامەت و سامان و لوقمەی بژێویی خۆی. لە یاساکەش گرنگتر، ئەوە بوو کە نووسینەوەی یاساکە لەبەر ڕۆشنایی دستووری هەمیشەیی نووسرابۆوە. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند تا کورد سەر لە نوێ لەگەڵ تێکەڵاوی عیراق ببێتەوەو پەیوەندیەکی ساغلەمانەی تازە لە نێوانیان دا دروست ببێت. بۆیە، دوژمنان، دوژمنانی کوردو عیراق، هەر لە دوای نووسینەوەی دستوورو یاساکە، کەوتنە پرۆسەی پووچەڵ کردنەوەو ڕووخاندنی ئەم پردە تازەیەی نێوان کوردو عیراق.

پێیان دەڵێیت، مەبەستم بە حکومەتی عیراقە، ئەوەی کورد دەیکات لە پێناو خێری عیراقە. پێیان دەڵێیت ئەو کۆنتراکتانەی لە بواری نەوتدا ئیمزا دەکرێن، لە چوارچێوەی دستووری هەمیشەیی دان. پێیان دەڵێیت داهاتی ئەو کۆنتراکتانە لە کاتی جێ بە جێ بوونیان دەگەڕێتەوە خەزێنەی عیراق. پێیان دەڵێیت عیراق لە ڕووی ئەمنیەوە حاڵی خراپەو دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەسازیە نەوتیەکەی نیە، بۆیە وا باشە کوردستان برەو بەو پیشەسازیە بدات چونکە حالەتە ئەمنیەکەی جێگیرە. پێیان دەڵێیت ئەوەی لە کوردستان دەکرێت بە فیرۆدانی سامانی نیشتمانی نیە، بەڵکو ئەوە بە فیرۆ دانە لە ڕێگەی بە قاچاخ فرۆشتنی نەوتەوە دەکرێت کە مەڵبەندەکەی خوارووی عیراقە. پێیان دەڵێیت نوێنەری خۆتان بنێرن تا ئاگاداری کۆنتراکتەکان بێت. پێیان دەڵێیت و پێیان دەڵێیت. هیچ لەو گوتانەت جێگەی خۆیان ناگرن چونکە بڕیارێك لە بەغدا هەیە کە ئەویش بڕیاری ڕێگەگرتنە لەوەی کورد ببێتە مافدار لە بواری ئیمزاو بڕیارو خاوەنداریتی سامانداا. جا ئەگەر وا نیە، بۆ یاسای نەوت و گازی عیراقیان دواخستووە؟ بۆ نایخەنە بەردەم پەرلەمان؟ وەڵام دیارو ڕوونە. ئەویش ئەوەیە کە پرۆژەی یاساکە باس لە کۆنتراکتی (موشارەکە) دەکات. کۆنتراکتی موشارەکەش هەق دەدات بە هەرێمی کوردستان کە ئیمزای کرۆنتراکت بکات بەو مەرجەی داهات بچێتەوە خەزێنەی بەغدا. ئەوان، واتە ناوەندەکانی ناو حکومەت، کۆنتراکتی موشارەکەیان دەوێت بۆ خۆیان، بەڵام لە کوردی بە حەرام دەزانن و دەیانەوێت پێش هەموار کردنی یاساکە ئەو هەقەی لێ بسێننەوە.

دووبارە، لێرەش دەیڵێمەوە، من لەگەڵ تیۆری پلانگێڕان نیم. بەڵام پێم وایە لە بەغدا، بە تایبەتی لە ناوەندە حکومیەکاندا، بڕیارێکی نەنووسراو هەیە ماناکەی وایە: لێ بگەڕێ با کورد خاوەنی هەموو مافە سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان بێت. تەنیا ماف کە نابێت هەیبێت مافی ئابووریە. چونکە زامنی ئەوەی لە داوڕۆژدا هەموو مافەکانی دیکەی لێ بسێنرێتەوە، ئەوەیە کە قودرەتی ئابووریی لە کوردستاندا دروست نەکرێت. ئەگەر کورد خاوەنی سامانی خۆی بوو، ئەوا ناتوانرێت هیچ مافێکی لێ بسێنرێتەوە. بەڵام ئەگەر لە مەسەلەی سامان و پیشەسازی نەوت و داهاتدا، ملکەچی بەغدا بوو، ئەوا بە ئاسانی لە داوڕۆژدا، یان لە دوای نەمانی ئەمریکیەکان لە عیراق، یان لە کاتی هەر گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە هەیکەلی سیاسەت لە ناوچەکەدا، ئەوا هەرچیەکی هەیە لە مافە سیاسی و ڕۆشنبیریەکان بە ئاسانی لێی دەسێنرێتەوە.

لێرەوەیە دەگوترێت، سامانی ئابووری ڕەنگە تەگەرەیەکی گەورە دروست بکات لە نێوان عیراق و کورددا. ئەمڕۆ تەگەرەیە؟ بەڵێ. بەڵام سبەی ڕۆژێ ڕەنگە ببێتە تەگەرەیەکی وا کە لەیەك ترازان لەو نێوانەدا دروست بکات.

**لە سودان تا ئێستا گەورەترین کێشە لە نێوان نوبییەکانی خوارووی سودان و حکومەتی خەرتووم دابەش کردنی سامانە**


**لە یۆگۆسلاڤیای کۆن، ئێستاش کێشە لە نێوان کۆسۆڤیەکان و بۆسنیەکان و سرب و چیای ڕەش مەسەلەی دابەش کردنی داهاتە. ئەو شەڕە توندەی سوپای ڕووس لە دژی چەچانەکان بەرپای کردوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی سامانی نەوتیەوە هەیە نەک بە فاکتەری نەژادی**



# سوپا و AKP پشت بە "برایەتی نێوان موسڵمانان" دەبەستن لە مەسەلەی کورد دا

هەرچەندە زۆربەی چینی سەرەوەی سوپا حەز بە پارتی دادوگەشەپێدان ناکەن بەهۆی ئەو لەچك لەسەرکردن و تێگەیشتنە ئایینییەیان، بەڵام هیواخوازن کە لەگەڵ پارتەکەدا هاریکاری بکەن تاکو پارتەکە نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سوپا.
رۆژنامەی (ئیڤرەنسەل) ٢٥-١٢-٢٠٠٧
ئەرتورگول کورکوجو، بەڕێوبەری پرۆژەی (بیانێت)، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئیڤرەنسەل) کە لە ٢٣-١٢بڵاوکرابۆوە، ئەم ئاخاوتن و گفتوگۆیانەی کە هەنووکە لەسەر مەسەلەی کورد دەکرێن بەرز نرخاند.

ماددەی ٢٢١ شێوازی تەمێکردنێکی کۆن و بەسەرچووە
پرسیاری ئەوەی لێکرا کەڕای چۆنە لەسەر ماددەی ٢٢١، ئەو ماددەیەی کە مشتومڕی زۆری لەسەرە کە دانراوە بۆ لێبوردنی ئەندامانی PKK تا بگەڕێنەوە ناو وڵات. لە وەڵامدا کورکوجو گوتی: "تۆ ناتوانیت زەمینەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانێك کە تێکۆشانێکی سیاسییان بە حەزی خۆیان هەڵبژاردووە رێك بخەیت بەوەی پێیان بڵێیت، ئێوە دەبێ دەست بەرداری بیروباوەڕی سیاسی خۆتان بن، دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەن کە تاوانبارن، دەبێ هاوڕێکانتان بەدەستەوە بدەن، دەبێ



فوئاد سدیق

# مانەوەی نێچیرڤان بارزانی لە پۆستی سەرۆکی حکومەتدا

مارکس کە باس لە یۆنان ی سەردەمی حوکمڕانی پریێکلیس دەکات بە پڕشنگدارترین و گەشاوەترین و زێڕینترین سەردەمی یۆنانی کۆن ی ناودەبات لە ماوەی ١٤ سەدەی رابردوی یۆناندا, کە تیایدا دەیان کەسایەتی بواری زانستی ماتماتیك و فەلسەفەوگەردیلە و........هتد ناویان بە جیهاندا بڵاوبووەوە, جگە لەوەی بە قۆناخێکی گەشی دیموکراتیزەکردنی گەلانی یۆنان دەژمێردرێ, کە کەسایەتی و زانای وەکو (دیموکریت) هاتنە سەرهەڵدان.

بە جیاوازی قۆناخی ئەوسای یۆنان و ئەو چەند ساڵەی ئەزموونی نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا, دەکرێ بە پڕشنگدارترین ماوەی زێڕینی زیاتر لە ١٦ ساڵی حوکمڕانیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دابنێین.

گرنگی مانەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە, بەم دووساڵەی سەرۆکایەتیکردنی توانی پڕۆسەی لەیەکگەیشتن و ساڕێژکردنی برینەکان بە جۆرێك هەتوان بکات کە جیاوازییەك نەهێڵێ, لە نێوان تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە گشتی و , هەردوو لایەنی سەرەکی لە حکومەتی هەرێم بە تایبەتی, بەم مانایە نێچیرڤان بارزانی زەرورەتێکە بۆ ئەم قۆناخە کە ئەو درزانەی دروست بووبوون ئەو ئێستا بۆیەکی هێناونەتەوە کە ئەو پێکوەنووسانە پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە, دەنا وەکوو پشکۆی ژێر خۆڵەمێش چۆن بە کزەبایەك پشکۆکان دەگەشێنەوە, ئاوا بە گوتارێك یا بە رەفتارێکی توندڕەوانە درزەکان لێکدەبنەوە, ئەم هاوسەنگی راگرتنە زەرورەتێکە بۆ ئێستاو ئایندەمان, کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی ئەو مۆرکە حزبییەی لەناو کاروبارەکانی حکومەت بەتەواوی کاڵ کردۆتەوە, تەنها بەم رێگایەش دەگەین بە سبەینێی رووناك.

سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە نەك تەنها زۆر گرنگە, بەڵکو زەرورەتێکە کە گفتوگۆ هەڵناگرێت, ئەمە لە کاتێکدا هەرچوار دەورمان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانمان ناکۆکن و هەمیشە گرفتی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و..هتدمان بۆ دروستدەکەن. لەمەشیاندا نێچیرڤان بارزانی هەمیشە ویستوویەتی و هەوڵی داوە نەك تەنها لەناوخۆی کوردستان بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریش گرفتەکان خاو بکاتەوەو بوارێك بۆ لەیەکگەیشتن و دیالۆگ بڕەخسێنێ.

نێچیرڤان بارزانی لە کارکردنیشیدا کاسێکی پراگماتیکەو بڕوای بە کەسی بەرهەمهێنەر هەیە, ئەمە لە کاتێکدا وڵاتەکەمان وێرانەیەو سەرلەنوێ بونیاد دەنرێتەوە, دڵنیام لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوویدا قۆناخێکی تر دەبێت لە ئەزموونی حوکمڕانی حکومەتدا, کە دروستبوونی عەقڵیەتی دامەزراوەیی و بەرەو بە دەوڵەتبوون چوون, لە مێشکی هەر تاکێکی کوردا دەچێنرێ, کە چار نییە, هەرکەسێکی تر دوای نێچیرڤان بارزانی ببێ بە سەرۆکی حکومەت, دەبێتە تەواوکەری بەرنامە دوور مەوداکەی, کە خۆی لە یەکبوونی کوردو عەقڵی موئەسەساتی و دەوڵەتی فرە بۆچوون و دیموکرات و شەفاف وئاوەدان دەبینێتەوە.

ڕێکخراوەکەتان بخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە، ئینجا ئێمە دەتان خەینە ناو باوەشی دایکەوە".

پێشبینی ئەوەی کە PKK هەڵدەوەشێتەوە

کورکوجو رەخنەی لەو "تەمێ کردنە کۆن و بەسەرچووە" گرت کە مامەڵە لەگەڵ تاکەکان دەکات وەك چۆن منداڵێك هەڵە دەکات. ئەو گوتی کە ڕووداوە سیاسییەکانی ئێستا هانی بارۆهەڵوێستێکی وەها دەدەن. وا دادەنرێت کە نەبوونی پشتگیری لەلایەن ئەمریکا و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ PKK و هێرشە سەربازییە بەرفراوانانە PKK بتۆقێنێت. کاتێك یەکەمجار شتێك دەدەن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی وەکو منداڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

"ئەو چینی ناوەڕۆکە بەهێزەی دەمێنێتەوە تێك دەچێت و دادەبڕێن لە چیاکاندا و دەبنە خۆراکی گورگ و باڵندەکان. پێشبینی ئەمە دەکرێت ڕووبدات".

پرسیاری لێکرا لە بارەی پەیوەندییەکانی پارتی AKP و سوپا، کورکوجو گوتی: " من بڕوا ناکەم نە AKP و نە سوپا هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد بدەن. چونکە ئەوان ئەگەر ژیری و زانیاری تەواویان هەبێت، دەزانن کە پرسی کورد لە سنووری تەنیا یەك وڵاتدا چارەسەر ناکرێت. ئەگەر ئێمە لە بارەی چارەسەرێکی ڕاستەقینەوە قسە دەکەین، ئەوا مانای وایە کە کوردەکان چارەنووسیان دەکەوێتە دەستی خۆیان لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە حوکم دەکرێن، کەچی دۆخێکی وەها لە ئارادا نییە و لەم ئان و ساتەدا ئەگەری وەها چارەسەرێك نییە.

پرسی کورد و کێشەیەکی ئاسایشی (ئەمنی) پیشاندراوە

کورکوجو جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی سوپا وAKP سووربوون لەسەر پێناسکردنی پرسی کورد وەك کێشەیەکی ئاسایش و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیاش هەوڵێك بوون بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێت لە هەرێمەکەدا. بەلای کورکجییەوە ئەو هێرشە ئاسمانیانەی بە پەنجا فڕۆکەوە لە شەوێکدا و گوێزانەوەی سوتەمەنی لە ئاسماندا و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای لێزەر بۆ دەستنیشانکردن و پێکانی ئامانجەکان هەموویان مەبەستی نیشاندانی پەیامێك لە بارەی توانستی هێزی ئاسمانی تورکیا بە هەرێمەکە دەگەیەنن، زیاتر لەوەی مەبەستیان PKKبێت. لە ڕاستیدا، کورکوجو وای دەبینێت کە ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەشێکە لە پرۆژەیەکی هەرێمی کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە ناوچەکە دەپارێزێت و بەربەستیش دەخاتە بەردەم دابەشبوونی عێراق. بە کورتی، بۆمبارانکردنەکە نامەیەك بوو بۆ سەرکردایەتی کورد و حکومەتە کوردییەکەی باکووری عێراق.

هاریکاری نێوان AKP و سوپا

دەربارەی ستراتیجیەتی ناوەخۆ، کورکوجو بڕوای وایە کە AKP سوودمەند بووە لەو گۆڕانەی لە پشتگیری کردنی DTP دا، ئەو پارتەی کە پشتگیرییە هەرێمییە بەهێزەکەی خۆی لە دەست داوە. لە ژێر حکوومەتی AKP دا، گۆڕانێکی کلتووری لە ئارادایە بەرەو بزووتنەوە ئایینییە کۆنەپەرستەکان، بۆیە کورکوجو گوتی "پرسی کورد بچووك کراوەتەوە تا ڕادەی ئازادی خوێندنی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی".

دەربارەی سوپاش، سەرەڕای ئەوەی کە دژی ئەم باس و خواستە ئایینییانەن، کەچی هاریکاری AKP دەکات بۆ ئەوەی بەژداربێت لە دەسەڵاتدا.

"سوپا چی ناوێت؟ یەکەم، سوپا نایەوێت کورد لە ئەنکەرە بێت (لە پەرلەمان)، پەراوێزکردنی DTP. دووەم، سوپا نایەوێت بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە چەکیان دژی سوپا بەکارهێناوە، واتە نایەوێت وەکو هاووڵاتی هەژمار بکرێن. سوپا دەیەوێت چینە بەهێز و ناوەڕۆکەکەی PKK پەراوێز بکات و ئەو خەڵکەی تریش دەمێننەوە وەکو قوربانی چارەنووس (قەدەر) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، واتە ئەو خەڵکەی کە بەهۆی یاسای لێبووردنەوە لە چیا دێنە خوارەوە.

هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی هەرێمی

بەلای کورکوجوەوە، بۆی هەیە لە داهاتوودا عێراق دابەش بێت. وەها دابەشبوونێکیش هەم مەترسییە لەسەر تورکیا و هەم هەلێکە بۆ تورکیا. هەلێکە بۆ بەلاوەنانی هەموو جیاوازییە ڕەگەزییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق. مەترسییەکەش زیادبوونی شەڕ و ئاژاوەیە لە ناوچەکەدا کە پارچەپارچەبوونی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر تورکیا دەبێت. کورکوجو کە هەردوو AKP و سوپا هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی هەرێمی دەدەن.

بەم جۆرە، توندوتیژی PKK وەك هۆکارێك بەکارهێنراوە بۆ هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییە جیهانییەکانی کوردستانی باکوور و AKP لەلایەك و مەبەستی سوپا بۆ دەستباڵایی هەرێمی و دەسەڵاتی هەرێمایەتی تورکیا لەلایەك. سوپا و حکوومەت سەرکەوتووانە توانویانە ئۆپەراسیۆنەکان وەك هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی PKK نیشانبدەن، چ لە ناوەخۆدا و چ لە ئاستی جیهاندا.

"ئایا پێچەوانەی ئەمەچی دەبوو؟ بۆ چارەسەرێکی دیموکراتییانە، کرێکاران و ڕۆشنبیرانی کورد و تورك و گروپە دیموکراتییەکان لە تورکیا دەیانتوانی هێزەکانیان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی هاوبەشدا یەك بخەن. بۆ ئەمە هێشتا دەتوانرێ ئەنجام بدرێت".

**لە ڕۆژنامەی ئیڤرەنسەل (Evrensel)ی ڕۆژی یەك شەممە بڵاوکراوەتەوە، گۆڵان کردوویە بە کوردی**

گوڵان ٢٥

# دەوری ئێتنیکیی ئایین!



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئایین دیاردەیەکی کولتوورییە، چونکە خۆی توخمێکی کولتووری مەعنەویی میللەتانە ؛ واتە ئایین لەگەڵ توخم و ڕەگەزەکانی تری کولتووری مەعنەویدا : زمان، داب و نەریت، هونەر، فۆلکلۆر (ئەدەبی میللی، چیرۆك و ئەفسانە، پەندی پێشینان ...) جگە لەوەی دەوری ئامێرێکی کارای کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەبینێ، لە هەمان کات ڕۆڵ و کاریگەریی لەلایەنی نەتەوەیی (ئێتنیکی )شدا گرنگ و بەرچاوە — ئەوەش چونکە ئایین دیاردەیەکی کولتوورییە و کولتووریش هەمیشە نەتەوەییە، بگرە کولتوور مەرج و ماکێکی ئێتنیکیی هەرەگرنگە و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی میللەتانە لە یەکدی .

لەم ڕووەوە، دەوری نەتەوەیی ئایین بەڕادەیەکی زۆر ئاڵۆز و دوولایەنە ؛ لەلایەکەوە ئایین بۆی هەیە سنووری نەتەوەیی خۆی ببەزێنێ، لەناو میللەت و نەتەوەیتر بڵاوبێتەوە و ببێ بە بەشێك لە کولتووری نەتەوەیی ئەوان، لەم حاڵەتەشدا بۆ ئەوەی ئێتنۆسێك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەدەست نەدات، بەهۆی وەرگرتنی ئایینێکی "بیانی" یەوە، هەوڵدەدات جێپەنجەی نەتەوەیی خۆی بخاتە سەر ئەو ئایینەوە، هەرنەبێ، لەڕێگەی شێوازی پیادەکردنی ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکانەوە .

لەلایەکیتریشەوە ئایین وەکوچۆن دەبێتە مایەی یەکبوون و پتەوبوونی ئێتنیکیی نەتەوەیەك، لەهەمان کات دەوری لێکترازانی نەتەوەییش دەبینێ، ئەوەش لەکاتی مانەوەی بەشێك یان چەند بەشێکی نەتەوەکە لەسەر ئایین و باوەڕی کۆنی خۆیان . بۆ ئەمەش نموونەمان زۆرە، کۆمەڵەی ئایینیی جۆراوجۆر لەناو زۆر میللەت و نەتەواندا دروستبووین ؛ لە کوردستاندا چەند کۆمەڵەیەکی ئایینی هەن وەکو : ئێزدی، کاکەیی، شەبەك، عەلەوی (قزڵباش)، دیان ؛ ئەمانە بەهۆی باوەڕی ئایینیانەوە لە زۆربەی کورد کە موسڵمانن بەڕادەیەك جیابوونەتەوە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان پێکهێناوە و تێکەڵبوون و پەیوەندییان بەوانیترەوە سنووردارە - ئەگەرچی پێناسە و خۆناسیی ئێتنیکییان وەکو کورد هەر ماوە و کاریگەرە . بەهەمان جۆر لە سوریادا کۆمەڵەی ئایینی هەن وەکو : دروز، عەلەوی (نصیری ) و زۆربەکەیتریش موسڵمانی سوننەیە و لەڕووی ئێتنیکیشەوە هەموویان عەرەبن ؛ لە میسر موسڵمان و قیبتییە مەسیحیەکان ؛ لە لوبنان مارۆنی (مەسیحی ) و دروز و سوننە و شیعە — هەریەك لەم ئایین و ئایینزایانە کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی لەناو ئێتنۆسی لوبنانیدا دروستکردووە و هەست بە سنوورەکانیان دەکرێت . لە عیراقیش بەهەمان جۆر، هەردوو ئایینزای سوننە و شیعە دەوری لێکدابڕاندنی دانیشتوانی عەرەبی ناوەڕاست و باشووریان بینیووە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکدیدا هەمیشە سنووردار بووە ؛ بەم ساڵانی دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقیش پەیوەندیی نێوان پەیڕەوکەرانی شیعە و سوننە گەیشتە ئاستی دوژمنداریی مەزەبی و داخی سەدان ساڵەی ڕابردوویان لەسەر یەکدی هەڵڕشت ؛ بەم بۆنەیەشەوە، شیعەکانی عیراق هەمیشە بەوە تۆمەتباردەکرێن کە خۆیان بەنزیکتر لە ئێرانی شیعە دەزانن وەك لە عەرەبی سوننەی عیراق، ئەگەر ڕاستیەکیش لەمەدا هەبێت، بێگومان، ئەوە دەرئەنجامێکی دەوری ئێتنیکیی ئایینزایە لێرەدا، وەکو چۆن عەرەبیزمی سوننەکان هەمان ڕۆڵ و دەرئەنجامە ؛ هەر بەهەمان پێوەر، بۆ کوردێکی موسڵمانی ئیماندار، عەرەبێکی موسڵمان نزیکترە وەك لە کوردێکی ئێزدی یان دیان .

ئەم جۆرە دەور و کاریگەرییەی ئایین، هەروەها ئایینزاش، نەهەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە مێژووی ئەوروپاشدا گەلێ ڕوونتر و توندتر بووە . تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش موسوڵمانانی بۆسنە و هرسگۆڤینا خۆیان بە تورك دادەنا، هەرچەندە بە ڕەچەڵەك سلاڤی بوون ؛ بەشێکی زۆری بێلەرووس و ئۆکراینە کاتۆلیکەکان، لەبەر مەزەبەکەیان، خۆیان بە پۆڵۆنی لەقەڵەم دەدا ؛ جیابوونەوەی ئێرلاندای باکوور لە وڵاتی ئێرلاندا لەبەر جیاوازیی مەزەبی بوو بەپلەی یەکەم . هەرچی پرۆتستانتیزم و کالڤینیزم و کەنیسەی ئێنگلیکانییە، لە ئەورووپادا، دەوری پێچەوانەیان بینیوە ؛ ئەڵمان و فەرەنسی و ئینگلیز بەڕێگەی مەزەبەکانیانەوە و وەرگێڕانی ئینجیل و دەقە ئایینیە پیرۆزەکانیان لە لاتینییەوە بۆسەر زمانانی خۆیان توانیویانە جەخت لەسەر لایەنی نەتەوەیی خۆیان بکەن و ڕزگاریان بێ لەدەست ڤاتیکان کە مەڵبەندی جیهانیی کاتۆلیکی بوو و ئێستاش هەروایە ؛ لە وڵاتی چین لامایزم کە مەزەبێکی ئایینی بوودییە و سەرکردەی ڕۆحیی ئەم مەزەبە (دالایلاما ) ڕابەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی تیبیتی دەکات .

کەواتە ئایین و ئایینزا، وەکو توخمێکی کولتووری، هەمیشە دەوری باڵا و گرنگیان هەیە و ئەو دەورەشیان ڕەنگدانەوەی بەرچاوی دەبێ لەسەر لایەنی نەتەوەییشەوە ؛ ئەو دەور و کاریگەریەش بێگومان گەلێ زێتر دەبێ لە حاڵەتی هەبوونی کێشەیەکی نەتەوەییدا وەکو، بۆنموونە، لای کورد کە وڵاتەکەیان، واتە کوردستان، لەلایەن پسپۆر و شارەزایانەوە بە ((گەنجینەی ئایینان)) ناسراوە و لەهەمان کات کێشەیەکی نەتەوەیی هەڵچووی لەئارادایە کە سەنگی تایبەتیی خۆی هەیە بەسەر ڕەوشی سیاسیی ناوچەکەوە بەگشتی .

لەم ڕوانگەیەوە، ئایین و ئایینزا لەکوردستاندا هەرگیز بێدەور نابن، بگرە بەتایبەتی لەبوارە نەتەوەییەکەدا دەور و گرنگیی سیاسیی خۆیان هەیە . لە ڕابردووشدا بەسەرمان هاتووە کە دوژمنانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد پەنایان بردووە بۆ دەوری ئایین لە لێکترازاندنی سیاسی و نەتەوەییدا — بەکارهێنانی کورد دژی ئەرمەن و هەروەها دژی ئێرانی شیعە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ؛ کاکردن لەسەر بیرۆکەی ((ڕەچەڵەکی عەرەبی ئێزدیان)) ؛ دروستکردنی کێشە و گرفت لەنێوان موسڵمان و دیان ؛ هەوڵدان بۆ دوورخستنەوە یان دوورەپەرێزکردنی کاکەیی و عەلەوی لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا .. لەهەمان کاتیش دەور و کاریگەریی سەرکردە و پیاوانی ئایینی لەو بزاڤەدا دیار و بەرچاون .

لە ڕۆژگاری ئێستاشدا ئایین، وەکو دەبینین، ڕاستەوخۆ هاتۆتە سەر شانۆی سیاسی ؛ دەزگای ئایینی حیزبی سیاسی و بزاڤی چەکداری داهێناوە و ئەمانە لە ململانێی بەردەوام دان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تردا . ئەگەر لەڕابردوودا ئایین دڵنیابووبێ و بە باڵادەستیی خۆی لە کۆمەڵگادا ڕازیبووبێ، ئەوا ئێستا بە کەمتر لە دەسەڵاتی سیاسییتەواو قایل نابێ ؛ دەزگای ئایینیش بەئاشکرا و بەڕێگەی حیزب و ڕێکخراوی سیاسییەوە ئەم ئامانجەی ڕاگەیاندووە و خەباتی بۆ دەکات و قوربانی بۆ دەدات . ئەمەش دەرئەنجامیکی سەرنجڕاکێشی ڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکانە — ئەگەر لە ڕابردوودا سیاسەت پەنای دەبرد بۆ ئایین و سەرکردەی ئایینی و بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاریدەهێنان، ئەوا ئێستا ڕەوشەکە بەپێچەوانەوەیە — دەزگای ئایینی پەنا بۆ سیاسەت و بواری نەتەوەیی دەبات و هەوڵدەدات لەم دوو چوغزەوە جەماوەر و دەسەڵات بۆخۆی فەراهەم بکات . ئەمەش دەمان گەینێت بە دەرئەنجامێکیتری گرنگ : ئایین کە بوو بە سیاسەتێکی ڕووت، بێگومان دەبێ بە مەرجەکانی سەرزەمینیش ڕازی بێت - لە حاڵەتی کوردیشدا ڕەوشی سەرزەمین پڕە لە مەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان ؛ ئایین هەرچەندە توخمێکی گرنگی کولتووری مەعنەویی میللەتانە بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ژیانیان نییە و بگرە پێداویستیەکانی ژیان، بەتایبەتیش ژیانی هاوچەرخ، گەلێ فراوانترە لەوەی ئایین بەتەنیا بتوانێ دابینیان بکات ؛ دەرکەوت کە ئایین بەبێ بوارەکانی سیاسی و نەتەوەیی دەسەڵات و بنکەی جەماوەریی وەکو پێویست نابێ، هەربۆیەشە حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش بەهەمان شێوەی پانتورکیزمی حیزبی داد و پەرەپێدان و عەرەبیزمی (القاعدە) یاخود ئەفغانیزمی تالیبان، ئەمانیش دەبێ پانکوردیزمیان پێوەدیاربێ .. چونکە، وەکو گوتمان، ئایین کولتوورە و کولتووریش هەمیشە نەتەوەییە .

# ریاکسۆنی ئۆپەراسیۆنی هەوایی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان




:The Economitist

**ئەمەریکا و تورکیا لەسەری ڕێککەوتوون؟**

گۆڤاری ئنگلیزی(The Economist) لە دوا ژمارەیدا دەربارەی ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی لەلایەن تورکیاوە لە ژێر ناوی لە نێوان تورکیا و ئەمەریکا چ ڕێککەوتنێك هەیە؟ دەنووسێت و رایدەگەیەنێت لەبەرامبەر ئەم هێرشە ئاسمانییە سەرۆك وەزیری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان دەتوانێت هەندێك بەڵێن وەکو ناساندنێ تەجرەبەی فیدرالی کوردستان بداتە ئەمەریکا.

گۆڤارەکە دەنووسێت لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستان گەورەترین هێرشی سەربازی ئەنجامدراوە، هەروەك دەڵێن ئەمەریکا زۆر هەوڵیداوە بۆ ئەوەی هێرشی لە مجۆرە ئەنجامنەدرێت، بەڵام پێداگری ژەنراڵەکانی تورکیا نەك تەنیا دەستووری بە تورکیادا بەڵکو وای لەئەمەریکا کرد لەبواری هەواڵگریش یارمەتی تورکیا بدات.

گۆڤارەکە دەربارەی هۆکاری ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکا و تورکیا بۆ ئۆپەراسۆنی سەربازی دەڵێت هەر چەندە ئەمەریکا ناخوازێت ئارامی هەرێمی کوردستان تێکبچێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناخوازێت پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەپەیمانی ناتۆ لەنگی تێبکەوێت.

رەنگە ئەمەریکا و تورکیا پەیمانێکیان لە نێوان خۆیان ئیمزاکردبێ کە وا بروا دەکرێت رەجەب تەیب ئەردۆگان هەندێك بەڵێنی دابێت لە بەرامبەر ئەم پشتگیرییەی ئەمەریکا بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە، ئەم بەڵێنانەش دەتوانێت ناسینی کوردستانی فیدراڵ لەلایەن تورکیا و لێبوردنی گشتی بۆ چەکدارانی (pkk)ی بەدواوە بێت. هەروەها گۆڤارەکە دەڵێت: لێبووردنەکانی رابردوو هیچ سوودێکیان نەبوو، ئێستاش حکوومەتی تورکیا دەخوازێت هەموو ئەو کەسانە ببوورێت کە بەشداریان لە توندوتیژیدا کردووە،



سەرۆکی ASAM:

**پێویستە ئۆپەراسۆنی دەرەوەی سنوور رابگیرێت**

سەرۆکی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئۆراسیا- ASAM) فاروق لۆگۆگلۆ لە لێدوانێکی چاپەمەنی دا داوای لە حکوومەتی ئەنقەرە کرد لە ماوەیەکی کورتدا ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور رابگرێت.

لێدوانەکەی لۆگۆگلۆ دوا بەدوای گوتەکانی سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا یەشار بیوك ئانت هات کە گوتبووی: ئێمە کامپەکانی (pkk) لە باکووری عێراق وەکو ماڵی (BBG- خۆشاردنەوەی منداڵان) دەناسین. لەمبارەیەوە لۆگۆگلۆ لە یەشار بیوکئانت دەپرسێت:

بۆچی پێش ئەوەی ئەردۆگان بچێتە واشنتۆن ئەم قسانەی نەدەکرد؟

سەرۆکی (ASAM) لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەربارەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور دەڵێت:( ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەنجامی باشیان بە دەستخستووە، بەڵام پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبێت) هەروەها فاروق لۆگۆگلۆ داوا لە حکوومەت دەکات لەگەڵ حکوومەتی ئێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی دۆستانە دابمەزرێنێ.




واشنتۆن پۆست:

**ئۆپەراسیۆنی تورکان یاسایی نییە؟**

نووسەری بەناوبانگی رۆژنامەی ئەمەریکی بەناوبانگ واشنتۆن پۆست ولیام ئارکین(william M.ARKIN) پسپۆر لە کێشەکانی ئاسایش لە گوتارێکی خۆیدا لەسەر ئۆپەراسیۆنی تورکان بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق راوەستاوە و دەستنیشاندەکات کە ئۆپەراسیۆن لە بەرامبەر سەروەری خاکی عێراق کارێکی یاسایی نییە.

ARKIN دەڵێت لەبەر ئەوەی تورکیا ئەندامێکی پەیمانی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکانە سنووری دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەزێنێ و بۆردومانبکات ئەمە پێشێل کردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانە، لەبەر ئەوەی ئەمەریکاش لەبەرەی شەڕی دژە تیرۆرە لە دژی ئەم شەڕە یارمەتی پێشکەشدەکات.

نووسەر سەرنج دەداتە سەردانەکەی رایس بۆ کەرکوك و ئێراق و دەڵێت: رایس بەم سەردانەی هێز و وورەی بەخشییە عەرەبەکانی دەووروبەری کەرکوك بۆ ئەوەی رۆڵێکی گەورەتر بگێڕن).

**گۆڤاری ئاکسیۆن:**

**بۆ چارەسەری ئاشتیانە ئاغاکان بەشداریدەکەن**




گۆڤاری ئاکسیۆن کە سێ هەفتە جارێك لە تورکیا دەردەچێت لە ژمارەی تازەیدا دەنووسێت بۆ چارەسەری پرسەکان کوردەکان خۆیان ئامادەکردووە، هەندێك هەنگاوی ئەرێنی بهاوێژن، بە گوێرەی هەواڵی گۆڤارەکە ئەم هەنگاوە تەکانێك دەداتە رۆژەڤ.

بە گوێرەی هەواڵی ئاکسیۆن لە تورکیا گرووپێکی ئاشتی کە لە ٣٠کەس پێکدێت ئەم کەسانەش ناودارن لە سەرەتادا خەڵکی لەسەر پرسەکە ئاگادار دەکەنەوە و لەگەڵ خێزانی ئەو کەسانە دادەنیشن کە لە شەڕدا گیانیان لە دەستداوە دواتر لەگەڵ ( pkk)گفتوگۆ دەکەن، بۆ ئەوەی رێگا لە هەڵەکان بگیرێت ئەوان ئەنجامی خەباتەکەیان ئاشکرا ناکەن.

بۆ راگرتنی رژاندنی خوێنەو هەر ئێستا ئاشتی لە ژێر ئەم دروشمە دەخوازن ( pkk) بەبێ هەلومەرج چەك دابنێت بۆ چارەسەرکردن هەوڵبدرێت دەوڵەتی تورکیا بێتە سەرمێزی گفتوگۆ و لەگەڵ ( pkk) دابنیشێت.

ئەم گرووپەی ئاغایان ئەزموونیان هەیە، لە رابردوودا کۆمەڵێك گرفتی عەشایریان چارەسەر کردووە، یەکێك لەم کەسانە(حاجی شانلیە) شانی تەمەنی ٦٣ ساڵەوە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی هاوکاری لیمبە دەکات و ٤٣ پرسی خوێندنی کۆتایی هێناوە و چەندین جار ناوی لە میدیاکانی دەرەوەی وڵات باسکراوە.

شانی دەڵێت: لە وڵات ٪٨٥ پرسی خوێنڕشتن بە ئاشتی چارەسەر کراون، ئەگەر مرۆڤ کێشەی لەمجۆرە چارەسەر بکات دەتوانێت کێشەی شەریش چارەسەر بکات بۆ ئەمەش، چی لە دەستمان بێت کەمتەرخەمی ناکەین.

ساکینە ئەرات دەخوازێت لەم قۆناغەدا بەشداری بکات، ساکینە کە منداڵە گەورەکەی لە چیا و بچووکەکەی لە زیندان لە دەستداوە رایگەیاند: گەلێك دایك دەگرین، با ئەم گریانە کۆتایی پێبێت، و دەڵێت دایکی ئارات دەخوازێت رۆڵێك بگێرێت.

**فەڕای تونج:**

**ئەردۆگان سەرۆکی (mit) ی ناردۆتە هەولێر**

گۆشەنووسی رۆژنامەی(حورییەت) فەڕای تونج لە ووتارەکەی



ئەمڕۆیدا دەڵێت رۆژێك بەر لە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی واتە(١٥)ی مانگ سەرۆك وەزیر رەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گولی سەرۆك کۆمار، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەمرە تەنەری وەکو نوێنەرێك ناردووە بۆ شاری هەولێر و ئەوان هیوادارن لە ماوەیەکی نزیکدا پەیوەندی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا خۆشبکەن.

فەرای تونج دەڵێت: ئەوە شتێکی خراپ نییە دوای ئەنجامدانی هێرشی سەربازی کەناڵەکانی دبلۆماسیەت و دیالۆگ لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی کوردان و تورکان بکرێنەوە و دەڵێت: بێگومان زۆر گرنگە سەرۆکی( رێکخستنی هەواڵگری نەتەوەیی (mit ) ئەمرە تەنەر سەردانی هەولێری کرد و پەیامی سەرۆك وەزیر ئەردۆگان و سەرۆك کۆمار گول گەیاندە سەرکردایەتی کوردان، لەم پەیامەدا ئەوە ئاشکرا بووە کە تورکیا دەخوازێت پەیوەندی باشتری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەرێم دا هەبێت و دەخوازێت مەسەلەی کەرکووك لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێت.

فەرای تونج دەڵێت لە چارەسەرکردنی رەوشی کەرکووك لەسەر دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆڵێکی بەرچاو دەدرێتە تورکیا وتورکیا لەم بڕوایەدا بە سوپای خۆی بتوانێ تیرۆر کۆتایی پێبێنی و ( pkk)ش ناتوانێت بە توندوتیژی مافەکانی بەدەست بێنێت لەبەر ئەمەش دیالۆگ ناچارییە.

**زەمان:**

**ئامانجی هێرشەکان(٤٠) بەرپرسیاری ( pkk) بوون**




رۆژنامەی(زەمان) کە نزیکە لە حکوومەت رایگەیاند ئامانجی هێرشەکانی ئەم دواییەی تورکیا کوشتنی (٤٠) بەرپرسی ( pkk) بووە.

بە گوێرەی رۆژنامەکە، هەواڵگری تورکیا زانیاری بە دەستخستووە، کە بەرپرسانی ( pkk) پێش ئەنجامدانی هێرشەکان چیای قەندیلیان بەجێهێشتووە و روویان لە ناوچەکانی ئاڤا شین و سیدەکان و شیلادزێ و چەمچو ، ناوچەکانی زاب کردووە، لەسەر ئەم بنەمایەش فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا کە لە دیاربەکرەوە هەستاون بە بۆردومانکردنی ناوچە ناوبراوەکان بۆ ماوەی (٣٥) خولەك، رۆژنامەکە رایگەیاند ئەم شوێنانە دوای چیای قەندیل بە شوێنە ستراتیژەکانی مانەوەی هێزەکانی ( pkk) دادەنرێت و لەم ناوچانە چەکدارەکانی ( pkk) و پەژاك تێدا گەمارۆ دەدرێن، لەم هێرشە فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئەو شوێنەی ناوی رووباری(چەمچووە) یە، کە ماوەیەك بەر لە ئێستا (٨) سەربازی بە دیلگیراوی سوپای تورکیایان رادەستی دەوڵەتی تورکیا کردووە، بۆردوومان کراوە، لە مەراسیمی رادەست کردنەوەی سەربازە تورکەکان سێ پەرلەمانتاری کورد و وەزیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێدا بەشداربوون، برینێکی قووڵی لە جەستەی تورکیا بەجێهێشت، لەبەر ئەمەش هەندێك رۆژنامە بانگەشەی ئەوەیان کرد ئەم شوێنە لەسەر نەخشە سڕاوەتەوە!

تورك بانگەشەی ئەوەیان کرد لە ناوچەی چەمچوو تا قەڵاتوکان سەرۆکایەتی ( pkk) هەریەك لە جەمیل بایەك و موراد قەرەیلان و مستەفا قەرەسوو، عەلی حەیدەر قەیتان و دووران کالکان و رۆستەم جوودی تێدا دەژین، و بڵاوبوونەتەوە.

وەکو دەزانرێ هێزی پاراستنی گەل HPG باڵی سەربازی ( pkk) دەربارەی هێرشەکانی ئەم دواییە لێدوانێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند ئەوان زیانێکیان لێنەکەوتووە و تورکیایان ناچار کردووە بکشێنەوە.




# ڕووسەکان دەڵێن کێشەی کورد وەک ١٠ نارنجۆکی هایدرۆجینییە



ڤاگیێف گرایف



پاڤێڵ فێڵهەنگهاوەر



ئەلیکس مالەشینکۆ

■ لەدوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی کامپی سۆسیالیزمی و پەرشوبڵاوبوونەوەی ١٨ قەوارەی سیاسیی نێو یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەگەڵ هەرەسهێنانی سیاسەتی مۆسکۆ لەچەندین وڵات و شوێنی دیکەی جیهاندا و ڕاگەیاندنی نەزمی تازەی جیهانی بەڕابەرایەتی ئەمریکا کەم کەس لەم بڕوایەدا بوون جارێکی دیکە کۆماری ڕووسیای فیدراڵ بتوانێت دوای چەندین ساڵ بەتەوژمێکی ئابووری بەهێزەوە بگەڕێتەوە نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و، ململانێ لەگەڵ وڵاتە بەهێزەکاندا بکات و ببێتە مەترسی بۆ سەر هەژموونی ئابووری چەندین سوپەرپاوەری دنیا و جارێکی دیکە پایە و مەکانەتی خۆی بگەڕێنێتەوە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

وڵاتی ڕووسیا دوای ئەوەی لەگەڵ وڵاتی ژاپۆن ڕێککەوتنی بەهێزکردنی توانای سەربازی و مرۆیی و تەکنیکی مۆرکرد، ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتنێکی گرنگی دیکەی لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا مۆرکرد، بەو پێیەی ڕووسیا ٪٤٠ی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی بۆ ئەڵمانیا دابیندەکات، هەروەها ٪٣٠ی پێداویستییەکانی گازی سروشتی بۆ تێکڕای ئەوروپا دابیندەکات، لەماوەی ڕابردوودا ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی لەگەڵ ئێرانیش مۆرکرد. بێگومان هەموو ئەمانە وادەکات ڕووسیا زۆر کاراتر لەڕابردوو لەکیشوەری ئەوروپا نزیك بێتەوە. نزیکبوونەوەی ڕووسیاش پێگەی وڵاتانی دیکە بەتایبەتی ئەمریکا لاواز دەکات بەتایبەتی ئێستا کە چاودێرانی سیاسیی دەڵێن بەهۆی ئەوەی ڕووسیا خاوەنی چەکی نیوکلیاری و بەرهەمێکی زۆری نەوتی ژێر زەوییە و توانای دابینکردنی سەرچاوەی وزەی زۆری هەیە، ئەمە وادەکات مۆسکۆ ببێتە دەوڵەمەندترین پایتەختی دنیا، ئەمەش وایکردووە ڕووسیا پتر جیهانی ئەوروپا بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات و لەهەمانکاتیشدا خۆی لەهەمبێزی ئەوروپا بدۆزێتەوە، کە شارەزایانی سیاسیی پێیانوایە ئەم پۆتانسیەڵەی ڕووسیا وا دەکات پێگەی ئەمریکا لەنێو وڵاتانی ئەوروپا و دەریای خەزەر و ئاسیای ناوین لاواز بکات. وێڕای ئەمانەش ڕووسیا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتە سۆسیالیستییەکان لەئەوروپا، بەتایبەتی لەچارەسەرکردنی کێشەی وڵاتی پۆلەندا.

لەم سۆنگەیەوە بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی کورد بەدیدگای ڕووسیا لەبەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و کێشەی کورد و ئاڵۆزییەکانی مۆسکۆ لەگەڵ ئەنقەرە و واشنتۆن، گوڵان لەتەوەرەیەکی تایبەتدا هەوڵیداوە بۆچوونی ٣ دیپلۆماتکار و ئەکادیمیستی ڕووسی بخاتەڕوو، کە لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١- ڤاگێڤ گرایڤ، کۆنسوڵی گشتی ڕووسیا لەهەولێری پایتەخت.

٢- پاڤێڵ فێڵهەنگهاوەر، سیاسەتمەدار و پسپۆڕێکی سەربازی لەمۆسکۆ.

٣- ئەلیکس مالەشینکۆف، سۆسیۆلۆگ و پسپۆری بواری ئاسایشی نێودەوڵەتی لەناوەندی ستراتیژیی (Foua Carnegie) لەمۆسکۆ. ■



**ڤاگێف گرایێف، کۆنسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵ لەهەولێری پایتەخت:**

# ئێمە پشتگیری لەماددەی ١٤٠ و گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی کوردستان دەکەین

■ ڕووســـیای فیدراڵ هەر لەدوای کودەتا سەربازییەکەی عەبدولسەلام عارفەوە تائێســـتا، بەردەوام هەوڵیداوە پێوەندیی سیاسیی و دیپلۆماسی و کولتووریی لەگەڵ عێراق و ســـەرکردایەتی کوردســـتان ببەســـتێت، بەڵام لەدوای پرۆســـەی ئازادکردنی عێراق و لادانی ڕژێمی ســـەددام، بەتایبەتی لەم ســـێ ساڵەی دواییدا لەکاتی ســـەردانەکەی مام جەلال ســـەرۆک کۆماری عێراق و ســـەردانی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و دوا سەردانی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ مۆســـکۆ لەمانگی ســـێبتەمبەری ٢٠٠٧ لەلایەن هەردوو وزەیری دەرەوەی عێراق و ڕووســـیاوە ڕێککەوتننامەی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی ڕووســـیا لەهەردوو شاری هەولێر و بەســـرە واژۆکرا. بەمشێوەیە ڕووسیا بڕیاری کردنەوەی کۆنســـوڵخانەی خۆی لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردســـتان بەئامادەبوونـــی نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان دا و ڕۆژی ٢٨ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ بەفەرمی دەســـتبەکاربوون. بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان هەردوو وڵات، عێراقیش مافی خۆیەتی دوو کۆنســـوڵخانە لەوڵاتی ڕووســـیای فیدراڵ بکاتەوە بەهەماهەنگی وەزارەتی دەرەوەی نێوان هەردوو وڵات بۆ بڕیاردان لەسەر جێگاکەیی و کاتی کردنەوەکەی.

ئێســـتا کۆنسوڵخانەی ڕووســـیا لەهەولێر لەنێو باڵەخانەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشـــدایە و تەنانـــەت لەباڵیۆزخانەی بەغـــداش گەورەتر و سەرنجڕاکێشـــترە و ڕۆژانە کاری ئاســـایی خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام هەروەك بەرپرســـی کۆنســـوڵ پێی ڕاگەیاندین ئەوان هێشتا لەقۆناخی خۆئامادەکردندان و چاوەڕوانی گەیشـــتنی ئامێر و پێداویســـتییەکانن لەڕووســـیاوە بۆئەوەی لەمانگی شـــوباتی داهاتوودا بەفەرمی دەست بەپێدانی فیزا و ڕێگەپێدانی گەشـــتیاری بکەن، هەروەها پاســـپۆرتی ڕووسی بۆ ئەو هاووڵاتییە ڕووسیانە تازە دەکەنەوە کە لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێن. هەروەك چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریشیان لەبەردەستدایە، لەوانە دەستپێکردنی گەشتی ئاسمانی نێوان هەولێر- مۆسکۆ و کردنەوەی گوندێکی گەشتیاری ڕووســـی لەعەینکاوە. بەنیازیشن لەکۆتایی ئەم هەفتەیە بەناوبانگترین کۆمپانیای نەوتی ڕووســـی لەشـــاری لیپیچك بهێننە هەولێر بۆئەوەی گرێبەســـتێکی تایبـــەت لەبواری نەوت و گاز لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆربکات.

ناوبراو هیواشـــی خواست هەوڵەکانی کۆنســـوڵخانەی گشتی ڕووسیا بـــۆ پەیوەندییە سیاســـیی و ئابـــووری و بازرگانـــی و کولتووریی و زانســـتی و مرۆڤایەتییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا چڕتر ببێتەوە، خوازیاریشە ســـاڵی ٢٠٠٨ ببێتە ساڵی چڕۆکردنی خەونەکانی دیموکراتیزەکردن و سەقامگیری عێراق و پێکەوەژیانەی ئاشتیانەی نێوان گەلان و بەرزکردنەوەی ئاســـتی بژێوی ژیانـــی هاووڵاتیانی عێراقی بەسوود وەرگرتن لەسامانە سروشتییەکان. ■



**له میانی گفتوگۆمان لەگەڵیدا سەبارەت بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان ڕووسیا و کوردستان بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن:**

ڕووسیا پەیوەندیی مێژوویی لەگەڵ کوردستان هەیە، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی بارزانی نەمر لەسەردەمی یەکێتی سۆڤییەتی جاران کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ تێیدا ژیا و دواتر لەساڵی ١٩٥٨ دوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم بەسەر ڕژێمی شانشینی لەگەڵ هەڤاڵانیگەڕایەوە وڵات، کاتێك بارزانییەکان گەڕانەوە ئافرەتێکی زۆری ڕووسیایان هێنایەوە وەکو خێزانی خۆیان کە ژمارەیان ١٢٨ ئافرەتی ڕووسی دەبوو، ئێستا من نزیکەی ٢٠ ئافرەت دەناسم لەوانە، کە تەمەنیان ٨٠ ساڵە و لەمەراسیمی کردنەوە کۆنسوڵخانەکەماندا بەشداربوون. لەبارەی پەیوەندییەکانەوە دەمەوێ بڵێم لەڕابردووی دوورەوە پەیوەندیمان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبووە و لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٥٨ دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا لەگەڵ حکوومەتی بەغدا ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ عێراق و من فیلمێکم بینی لەشەقامەکانی بەغدا پێشوازی لەو کەسانە دەکرا کە لەڕووسیا دەگەڕانەوە لەنێوان پێشوازیکەراندا کۆمەڵێك کەسایەتی ڕووس ئامادەبوون، لەکاتی گەڕانەوەی کوردەکان لەڕووسیاوە بۆ بەسرا کە بەهۆی پاپۆڕێکی گەورەوە هاتنە بەندەری مینای بەسرا و لەوێشەوە بەشەمەندەفەر گەڕانەوە بۆ بەغدا. بەڕاستی ئەوکات لێکگەیشتن و لێبووردەیی لەنێوان سەرکردایەتی کوردی و حکوومەتی بەغدا توندوتۆڵ بوو، لەم سۆنگەیەوە من ئاواتەخوازم پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتینتر ببێت و ناکرێ پەیوەندی باشمان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی هەبێت بەبێ دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. لەبەرئەوە ڕووسیای قەیسەری لەمێژوودا جالیەی کوردی بنکەفراوان بووە و لەزانیارییە نافەرمییەکانەوە دەرکەوتووە نزیکەی ملیۆنێك کورد لەڕووسیا نیشتەجێن کە لەلایەن ڕووسیاوە بەفەرمی وەك کورد ناسێنراون.

*** ئامانج لەکردنەوەی کۆنسوڵخانەی ڕووسیا لەهەولێر چییە؟**

- ئامانجی سەرەکی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی رووسیا لەهەولێر بەر لەهەموو شتێك جالیەی رووسی لەهەولێر بنکە فراوانە، بۆیە چەن مەبەستێکمان هەیە وەك یارمەتیدانی هاووڵاتیانی رووس کە لێرە نیشتەجێن. مەبەستێکی دیکەمان لەکردنەوەی کۆنسوڵیە لە هەرێمی کوردستان کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی کوردەکان توانای قسەکردنیان بەزمانی رووسی هەیە لەبەرئەوەی خوێندنیان لەزانکۆکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و زانکۆکانی رووسیا تەواوکردووە، هەروەها دەربارەی کردنەوەی کۆنسوڵیەکەمان دەتوانین بڵێین بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندییە سیاسیی و رۆشنبیری و بازرگانی و زانستییەکانە. من لەوە ئاگادارم کە زانا کوردەکان و رووسەکانیش لە بواری مێژووی کوردستاندا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، دەتوانیت هەموو ساڵێك لە رووسیا سێ کتێبی نوێ دەربارەی مێژووی کورد بخوێنیتەوە، هەروەها مەبەستمان هەروەکو گوتم بەستنی پەیوەندی بازرگانییە لە نێوان کۆمپانیا رووسییەکان و کۆمپانیاکانی کوردستاندا، ئێستا بەپێی زانیارییەکانمان لە رێگای رۆژنامەکانەوە نزیکەی(٢٠٠٠) کۆمپانیای بیانی لە کوردستاندا هەیە، بەڵام بەداخەوە کۆمپانیای رووسی کەمە، ئێمە دەزانین کارگەری روسی(مادینا لیپیچك) رێککەوتننامەی واژۆکرد و بارەگای نوێنەرایەتی لێرە کردەوە هەروەها کارگەیەکی ناسراوی رووسی بۆ بەرهەمهێنانی(بۆڕی)، بەناوی(لۆرینا) لێرەیە، هەروەها لەمانگی نۆڤەمبەرەوە کۆمپانیای روسی(نوریست) رێککەوتننامەی واژۆ کردووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** چ سەرنجێکتان لەسەر ئەو بڕیارەی وەزیری نەوتی عێراق هەیە کە داوای لەو وڵاتانە کردبوو گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هەڵوەشێننەوە؟**

- یاسای نەوتی کوردستان کە لێرە دەرچووە هاوشێوەی دەستووری عێراقە و سیاسەتی حکوومەتی کوردستانیش لە چوارچێوەی دەستووردایە و هیچ شتێك لە چوارچێوەی دەستوور دەرنەچووە، ئەگەر لەسەر ئەو بناغەیە و ئەو روونکردنەوەیە وردبینەوە دەتوانین بڵێین رێککەوتنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان کە واژوویان لەسەر کراوە مافی یاسایی هەیە، من ئەم بۆچوونەم راگەیاندووە، بەڵام بەداخەوە ئەوان گوتیان حکوومەتی رووسیاش پشتگیری هەمان رێککەوتن دەکات کەچی ئەمە ڕاست نەبوو، من کارم کۆنسوڵی گشتی رووسییە لە کۆماری عێراق و لەشاری هەولێر، هەروەها بەر لە هەموو شتێك ئێمە رێز لە یاسا دەگرین یاسای ئەو دەوڵەتەی کە کۆمپانیا روسیەکان بە باش لە بارودۆخی عێراق ئاگادارن، باش دەزانن یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان هەیە بەڵام ئەو یاسایە لە عێراق نییە، هەروەها من ئاگادارم کۆمپانیاکانی نەوت خوازیارن بێنە کوردستان و لە کوردستانیشەوە بچن بۆ عێراق، ئامانجی سەرەکی یارمەتیدانی ئابووری و بازرگانی بەر لە هەموو شتێك بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراقە بە گشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی کە ئەم بەرژەوەندیە هەردوولا دەگرێتەوە لایەنی رووسی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی رووسیش.

*** چۆن هانی کۆمپانیا رووسییەکانی تایبەت بە وزە و نەوت دەدەن بۆ رێککەوتن لەسەر گرێبەندە نەوتی وغازیەکان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- بەراستی لەگەڵ سەرۆك کۆمپانیاکانی روسی قسەمان کردوە و ئەوان هەموو رۆژێك هەواڵەکانی کوردستان دەخوێننەوە و داوامان لێدەکەن یارمەتی کۆمپانیاکان بدەن بۆ پەیوەندی کردنیان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستتانەوە و ئەم هەڵوێستە ناسراوە کە هەمان هەڵوێست هەمیشە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ئەوەیە کە دەزانن یاسای نەوتی عێراقی تاکو ئێستا لەپەرلەمانی عێراقی بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵام کۆمپانیا تایبەتەکان بڕیاری خۆیان داوە و لێرە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا رێککەوتن سەرەڕای ئەوەی کە راستی بارودۆخەکەیان دەزانی، من زانیاریم هەیە جاروبار لەو بارەیەوە دەبینم کە سەرجەم رێککەوتنە واژۆ کراوەکان راستن نین، من دووبارە دەیڵێمەوە هەمیشە لە کاتی چاوپێکەوتنەکانم بە فەرمی لەگەڵ بەرپرسیانی کوردستاندا و ناوی ئەوەم لێنا هەموو بڕیارەکان و یاساکان کە لەکوردستان ئەنجامداوە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بووە هیچ بڕیارو یاسایەك لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستووری عێراقدا نەبووە، بەڵام من دەتوانم بڵێم هەندێ بابەتی یاسایی هەیە، هەمووومان دەزانین کە زمانی یاسا هەیە وشە دەکرێ بگۆڕدرێ بەپێی ماناکەی لە هەر مادەیەکی یاسایدا، ئەم بابەتە کەسانێك کە لێی بەرپرسیارن دەیوروژێنن، بەڵام من ئومێدەوارم یاسای نەوت و گازی عێراقی لەپەرلەمانی ئێستای بەغدا بڕیاری لەسەر بدرێت.

*** ئێوە هانی رێککەوتنی کۆمپانیا گەورەکانتانداوە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- رێککەوتنێك واژۆ کرا لەگەڵ کۆمپانیای(نۆربیست) وەکو زانراوە نوێنەرانی ئەو کۆمپانیایە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە مۆسکۆ رایانگەیاند کە پێشنیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەجێیە، من ناتوانم بڵێم بڕیارێك هەیە بەڵام کۆمپانیاکانی روسیا بەراستی دەیەوێ یارمەتی کوردستان بدەن، هەرچەندە بریاریش لەئارادا نییە تاکو ئێستا لەبەر ئەوەی من ناتوانم ناوی کۆمپانیاکان بڵێم، بەڵام کۆمپانیا ناسراوەکان خۆیان یارمەتی وڵاتە عەرەبییەکانی دراوسێی عێراق دەدەن بۆ نموونە (ئەردەن و سوریا و سعودیە).

*** هەست ناکەن لە کوردستاندا جموجۆلی بازرگانی رووسی لە چاو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زۆر کز و پاسیڤە؟**

-من دەزانم ئێستا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و زاخۆ جموجۆڵی بیناسازی و ژیانی چالاك و کۆمپانیای بەرهەمهێنەر هەیە، لە

چاوپێکەوتنی یەکەمجارمدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا باسی بابەتی فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانم کرد لە نێوان لایەنی رووسی و هەرێمی کوردستاندا، ئەویش گوتی:

رووسیا بەراستی دواکەوت، ئێستا لە دوای کردنەوەی کۆنسوڵی رووسیا من دەبینم کۆمپانیا بیانیە رۆژئاوایی و تورکی و ئێرانییەکان و هەروەها کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو لەوانە ئۆکرانیا و ئازربایجان جموجۆڵیان هەیە، بەڵام روسیا لە سەرەتاوە کارگەیەکی کەلوپەلی کردەوە لەگەڵ نوێنەرایەتی کۆمپانیایەکی نەوتیدا، ئێمە ئێستا چاوەڕوانین بەتایبەت کە دەزانین ساڵی رابردوو چاوپێکەوتنەکانی بەرپرسانی عێراقی کە لەروسیا لەگەڵ پارتە سیاسییەکان لەمۆسکۆ، هەروەها تواناکان بە گەڕ خراون بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان.

من ئێستا لەوە ئاگادارم کە کۆمپانیا تەنیا بۆ نەوت و گاز نییە کۆمپانیای جۆراوجۆر هەموو هەفتەیەك بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە دەکەن بەر لە هەموو شتێك پرسیاری لایەنی ئەمنی دەکەن.

*** هەڵوێستان دەربارەی ماددەی١٤٠ی دەستووری عێراقی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك چۆنە؟**

من وەك نوێنەری رووسیا لێرە بەر لە هەموو شتێك دەستوور هەڵدەبژێرم، ئێمە بەپێی رێککەوتننامەی ڤیەننا هەنگاوەکان لامان گرنگن هەر بەپێی رێککەوتننامەی ڤیەننا لە بارەی پەیوەندیە دیبلۆماسییەکانەوە کۆنسوڵیە ناتوانێت دەستێوردانی هەموو شتێك بکات، من بەپێی دەستوور و بەپێی یاساکان و ماددەی (١٤٠)هەموویان پێویستیان بە چارەسەرە لە رێگای ئاشتیەوە، من لە یادمە ئامانجەکانی روسیا هەموو کێشەکانی لە رێگای گفتوگۆ و دیالۆگەوە لە رێگای هەنگاوە ئاشیەکانەوە چارەسەرکرد، هەمان شێوازمان لە کۆسۆڤۆ هەیە، من باش دەزانم پێداویستی دان بە خۆداگرتن و پێداویستی کات و گفتوگۆ زۆر قورسە تاکو بڵێی پێویستە ئامانجی سەرەکی هەنگاو بە هەنگاو پێی بگەین.

*** چۆن بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنن و بۆچوونەکانتان بۆ ئایندەی سیاسی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٧چییە؟**

لە رێگای مێژووەوە گەلی عێراق بەگشتی وڵاتەکەیان دەوڵەمەندە بە سامانە سروشتییەکان و دەوڵەمەندە زۆر زۆر وەکو دەبینم بە گەلەکەی، بەگرنگی نازانم ئەو گەلە کورد بێت یان تورکمان، شیعە بێت یان سوننە، ئەمە گرنگە زۆر، لەلای ئێمە لە رووسیا دیسان وایە وڵاتەکەمان پێکهاتووە لە(١٠٠-١٥٠)نەتەوە زۆر و کەمیان هەیە، گرنگ ئەوەیە لە رێگای مانەوەم لێرە چەندەها رێککەوتنم بینی لە نێوان حکوومەتی ناوەندیی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەدابەشکردنی سامانەکان، کاتێك بوودجەی هەرێمی کوردستان زیادکرا لە٪١٣ بۆ٪١٧ لە سامانی عێراق بۆ پێداویستی گەلەکەیە، ئێستا بەپێی دەستوور گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کوردستان بڕیاریان دا ژیانی هاوبەش لە وڵاتێکدا هەڵبژێرن لەوەش ئاگادارم ٪٩٧دەنگیان بۆ دەستوور داوە ئەو دەستوورە ماوە و یاسای سەرەکی دەوڵەتە، زانیاریشم هەیە کورد داواکاری حکوومەتی فیدراڵیە و دەسەڵاتەکانی لە هەرێمی ئێستادا دیارە لە عێراق بەڵام لەوانەیە سبەی هەرێمێکی دیکە و دووانی دیکەش دروست ببێت.

*** رۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەبونیاتنانەوەی عێراقدا و کەمکردنەوەی توندوتیژی تایەفەگەریدا چۆن دەبینن؟**

- من لەرێگای بەیەك گەیشتنەکانی نێوان بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی عێراقەوە دەبینم کە هەمیشە سەرکردایەتی کورد دەخوازێ رۆڵێکی میانگیر و پۆزەتیڤانە دەبینێت و وەکو پردێك بووە بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان.

***ئۆپەراسیۆنی هەوایی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- راستە پەیوەندیەکی باش لە نێوان تورکیا و رووسیادا هەیە، هەروەها لەگەڵ ئێران و سووریاش. کاتێك رووداوەکە لەگرژیدابوو پەلاماردانی هێزی سەربازی تورکی بۆ سەر خاکی کوردستان ئێمە رامانگەیاند دژی رێگەچارەی سەربازین و لەئەنجومەنی دۆما لەدژی وەستاین، ئێمە داوامان لەلایەنی تورکی و سەرکردەکانی pkk کرد کە شەڕ رابگرن و لە رێگای گفتوگۆی سەرمێزەوە بە ئاشتی چارەسەری کێشەکە بکەن، لێرەدا بۆچوونێکی باش هەیە بۆ ئاشکراکردنی هۆکارەکان کە زۆر گرنگە.



*** چۆن هەڵوێستی ئەمەریکا لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی تورکیا چۆن دەبینی؟**

- پێویست بوو ئەم پرسیارە لەلایەنی ئەمەریکی بکرابووایە، بەڵام هەڵوێستی رووسیا بۆ هاتنی سوپای فرەرەگەزەکان لەگەڵ فەرەنسا و ئەڵمانیا دژی بووین، بەڵام ئێستا رووسیا لە سێ ساڵی ئەم دوایەیدا هەمیشە لە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی بۆ مانەوەی هێزە فرە رەگەزەکان داوە بۆچی؟ لەبەرئەوەی داخوازی حکوومەتی عێراقە کە ئەو هێزانە ماوەیەکی زیاتر بمێننەوە، حکوومەتی رووسیا و سەرۆك پۆتین جەخت دەکەنەوە هەمیشە تاکو چ مێژوویەك سوپای فرە رەگەز لەعێراق دەبێت، ئەمە زۆر گرنگە. لەبەرئەوەی لەئەنجوومەنی (دوما) خشتەی کشانەوەی ئەو هێزانە هەیە، ئێمە ئەوە هەڵوێستمانە.

*** بۆچی رووسیا وەك دەوڵەتێکی زلهێزی گەورە پاڵەپەستۆی زیاتر ناخاتە سەر تورکیا بە بەکارهێنانی کارتی گوشار لەدژی موداخەلەی سەربازی بۆ نێو خاکی کوردستان و راگرتنی بۆردوومانی گوندە ئارامەکانی کوردستان؟**

- هەمیشە هەڵوێستمان دژی هەنگاوە سەربازیەکانە بۆ هەر وڵاتێك لەسەرجەم بابەتەکاندا، بۆ نموونە پەیوەندیەکانمان ئێستا لەگەڵ ئەمەریکادا باشە کەچی کێشەی زۆریشمان هەیە. مۆسکۆ چەند جارێك بەئەنقەرەی راگەیاندووە کێشە هەڵواسراوەکانی لەڕێی دیالۆگەوە لەگەڵ کوردەکان چارەسەر بکات.

*** لەبواری رۆشنبیری و زانستیدا پرۆژەکانتان چین؟ وەك دەزانرێ لەسەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو سوریا، تورکیا و ئەردەن ناوەندی رۆشنبیری رووسی هەیە، ئایا هەوڵتان نەداوە ناوەندێکی هاوشێوە لەهەولێریش بکەنەوە؟**

- کردنەوەی ناوەندی رۆشنبیری روسی لە هەر وڵاتێك لەچوارچێوەی رێککەوتننامەی نێوان ئەو وڵاتە و رووسیادا دەبێت بەپێی بارودۆخ. ئێمە بەنیازین ناوەندێکی رۆشنبیری لە بەغدا بکەینەوە و لقێکی ئەو ناوەندەش لەهەولێر بکەینەوە، بەر لەهەموو شتێك بەپێی رێککەوتن لە نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی روسیادا ناکرێ کۆنسوڵخانە ناوەندی رۆشنبیری لەهەرێم بکاتەوە بەبێ رێککەوتن لە نێوان هەردوو حکوومەتدا، ئەمە زۆر گرنگە. بۆ نموونە ئەگەر رێککەوتن لە نێوان حکوومەتی عێراق و رووسیادا بۆ کردنەوەی ناوەندی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا ئەوا ئێمە پێشوازی لێدەکەین.

*** ئایا هەوڵی ئێوە بۆ بواری رێگەپێدانی خوێندن (منحەی دیراسی) تا چ رادەیەکە؟**

- لەبارەی رێگەپێدانی خوێندنەوە (منحە) هەموومان دەزانین لەکاتی یەکێتی سۆڤیەتدا رێگەپێدانی خوێندن (منحە) بۆ زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان هەبوو، ئێستا دەزانن ئێمە لەزانکۆکانی روسیا رێگەپێدانی خوێندن (منحە) زۆر بەخۆڕایی نادەین. رووسیا ساڵانە رێگەپێدانی خوێندن (منحە) دەدات بەحکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، کە رێژەیەکی زۆر کەمە و بە خۆڕاییە و لەسەر حسابی حکوومەتی رووسییە، من دەزانم لەوانەیە (٢٠٠-٣٠٠) لاوی کوردستان و هەروەها عێراقی خەریکی خوێندنن لە رووسیا لەسەر حسابی خۆیان، من زانیارم هەیە لە کوردستان رێکخراوی ناحکوومی هەیە یارمەتی لاوان دەدات سەفەر بکەن بۆ روسیا لەسەرخەرجی خۆیان بۆ خوێندن.



**ئەلیکس مالەشینکۆف سۆسیۆلۆگ و پسپۆڕی ئاسایشی نێودەوڵەتی:**

# کێشەی کورد دەتوانێت هەرێمەکە سەراوژێر بکات

■ **ئەلیکس مالەشینکۆف، کۆمەڵناس و پسپۆڕی بواری ئاسایشی نێودەوڵەتی لەناوەندی ستراتیژیی (Foua Carnegie) لەمۆسکۆ کاردەکات. مالەشینکۆ سەرنجی کێشایە سەر کێشەی کورد و گوتی: "ئەو کاتەی باسی کێشەی کورد دەکرێ، ١٠ نارنجۆکی هایدرۆجینی دێتە خەیاڵم". مالەشینکۆف تیشکی خستە سەر پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا کە پێیوایە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات بەرەو گرژیی و ئاڵۆزیی زیاتر دەچێ. هەروەها ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێرانیشی بەکەسێکی نادروست و نەگونجاو ناوزەدکرد.**■

### فێڵ و تەڵەکەبازیی لەقەڵغانی مووشەکی

سەبارەت بەپێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا، مالەشینکۆف نموونەی قەڵغانی مووشەك دێنێتەوە و دەڵێت: "ئەمە شتێکی سووك و سانا نییە لەبەردەم ڕووسیا هەڵبگیرێت، بۆئەوەی زیاتر لەکرۆکی ئەو کێشەیە بگەین دەبێ قەیرانی وزەی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا، کێشەی قەفقاسیا و فراوانبوونی پەیمانی ناتۆ و ڕۆژهەڵاتی ناوین لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێت. ئەگەر جیهان وەکو یاری کیشەك سەیر بکرێت ئەوا بەئاسانی هەموو شتێك ڕووندەبێتەوە، هاوکات ئەگەر کێشەکە گەورەتر بکرێت ئەوا لە قاڵبی هەوڵدانی قەڵغانی مووشەك لەدژی ڕووسیا ئامادەکراوە، لەبەرئەوە ئەمریکا دەخوازێ لەبەرامبەر ڕووسیا هەندێ قەرەبوو وەربگرێت، بۆیە ڕووسیا هەستدەکات لەدەوروبەرەوە گەمارۆدراوە. لەبەرئەمەش لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی —ناتۆ- پاشەکشێی کرد. بۆیە قەڵغانە مووشەکییەکان لەدژی ئێران نییە، چونکە مووشەکی ئێران لەم مەودایەدا نییە و توانای بڕینی ئەو ماوەیەیان نییە کە بتوانێ کیشوەرەکان ببڕێت. ڕووسیا ئەم هەڵمەتەی ئەمریکا لەدژی خۆی قەبووڵدەکات، بەڵام با هیچ کەسێ چاوڕێی شەڕێکی گەرم لەنێوان ڕووسیا و جیهانی ڕۆژئاوا نەکات، شتی لەمجۆرە ڕوونادات".

### ڕووسیا ناتوانێ ببێتە هێزێکی سوپەر

لەبارەی پێڤاژۆی سیاسیی ئەمڕۆ، مالەشینکۆف پێیوایە لەسەردەمی شەڕی سارد هەندێ ئاڵۆزیی پەیدابوون، بەڵام ئێستا بناغەی پەیدابوونی ئەو ئاڵۆزیانە نەماوە، لەبەرئەمەش ڕەوشی ئێستا وەکو زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت، لەپەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ڕاستییەك هەیە، کە هەندێ سەرچاوەی سیاسیی ئەم ناکۆکییانە زۆر زەقدەکەنەوە. هەندێ لەمانە وەکو یاری وایە، نموونەی ڕفاندنی ئەو فڕۆکانەی لەسەر پاسیفکلێ ئەم لێکدانەوەی من پشتڕاست دەکەنەوە. ئەم فڕۆکانە لەکەشتی بە باسك دەچوون، ئینجا فڕێدراون. ڕووسیاش دەخوازێ بەمانە خۆی فریو بدات و لەجیهان خۆی وەك هێزێکی سوپەر نیشانبدات. بەڵام لەڕاستیدا هێشتا ڕووسیا ئەو هێز.ەی نییە لەهێزی سوپەر بچێت.

### ڕووسیا لەکۆسۆڤۆ چارەسەریی ناخوازێ

ئەلیکس مالەشینکۆف ڕەخنە لەهەڵوێستی ڕووسیا بۆ چارەسەریی

کێشـــەی کۆسۆڤۆ دەگرێ و دەڵێ: "ڕووســـیا ناخوازێت کێشەی کۆسۆڤۆ چارەســـەر بکرێت، لەبەرئەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خزمەتی ڕووســـیا ناکات. ئەگەر ئەم کێشـــەیە چارەسەر بکرێت ڕەنگە ئۆستایای باشوور و ئابزەهای لەجۆرجیا جیابێتەوە، هەروەها ناخوازێت بەشـــێوەی یەکجارەکـــی ببێتە پارچەیـــەك لەجۆرجیا، لەبەرئـــەوەی ئەو زەوییانـــە وەکو خاکی جۆرجیـــا قەبووڵدەکات". بەبۆچوونی مالەشینکۆف جیهان لەبەرامبەر کێشەکانی ئۆستایای و ئابزەهای بێچارە ماوە، بۆیە پێویســـتە چارەسەریی تایبەتیان بۆ بدۆزنەوە. لەبەرئەوەی ڕێبازەکانی وەك فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی لەم ناوچانە پراکتیزە نابێت.

## کێشەی کورد نارنجۆکی هایدرۆجینە

مالەشینکۆف دەربارەی پرسی کورد لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بەمشێوەیە باسی لەدید و تێڕوانینی خۆی کرد: "من کێشەی کورد لەعێراق وەك بۆمبای هایدرۆجینی دەبینم، بەڵام لەپارچەکانی دیکە خەســـڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیـــە. سەرنجڕاکێشـــە ئەوکاتەی باس لەکێشـــەی کورد دەکرێ نارنجۆکی هایدرۆجین دێتە یادی من. کێشـــەی کورد کێشەیەکی لەم بابەتەیە. کێشـــەی کورد وەکو نارنجۆکی هایدرۆجین دەتوانێت هەرێمەکە تا هەموو جیهان ســـەراوژێر بکات. ڕووسیای فیدراڵ بەرژەوەندی لەئاسیای ناوین هەیە نەك ڕۆژهەڵاتی ناوین. هەقوایە ئێمە بەسیاسەتی زماندرێژی نەبینە ئاستەنگ بۆ ئەم هەرێمە".

## ئێران تەوەرەی خێرنەخوازە

لەبارەی ئاڵۆزیی و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران لەمەســـەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم و سەرکێشییەکانی ئەحمەدنەژادی سەرکۆمار، مالەشینکۆف ڕوونیکردەوە کە ئەو نازانێت ئەمریکا لەئێران دەدات یان نا. بەڵام دەزانێت ئەگەر ئەمریکا داخیڵی ئێران بێت هەڵەیەکی گەورە و مێژوویی دەکات.

مالەشـــینکۆف ڕایگەیاند کە ئـــەو دوژمنایەتی ئەحمەدی نەژاد دەکات و هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو مرۆڤێکی تونـــدڕەوە، بۆیە ئەگەر ببێتە خاوەنـــی چەکی ناوەکی ئەوا دەبێتە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. پێویســـتە گوشاری زیاتر بۆ ســـەر ئێران نەبات، ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران دەبێتە قارەمان و ئەوانەی مێژووی ئێرانیان خوێندۆتەوە دەزانن کەســـانی لەمجۆرە پیلانگێڕ دەسەڵات دەگرنە دەست و سیاسەتی لەمجۆرە پەیڕەو دەکەن. بۆیە ئەگەر موداخەلەی عەســـکەری بۆ سەر ئێران بکرێت ئەوا سیاسەتی دەوڵەتی ڕووسیا تەنها لەئاستی زماندرێژیدا دەمێنێتەوە.

## ڕووسیا خۆی دەکاتە پردێکی بچووک

مەســـەلەیەکی دیکـــەی زۆر گرنگ ئۆرگانســـیۆنی هاوبەش و هەماهەنگی شـــەنگهایە. لێرەدا ئامانـــج ئەوەیە لەدژی ناتۆ، مۆســـکۆ و پەکین وەکو هێزێك نیشانبدرێت. لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت ڕووسیا زلهێزێکی جیهانی مەزن بوو، لەناوچەکانی وەك شیلی و ئاسیای بچووك دەمایەوە. بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گۆڕاوە، بەهاوکاری ئەوان دەخوازن ڕووســـیا لەتەنیشـــت چین وەکو برای بچووك بێت. ئەمەش خزمەتی بەرژەوەندی ڕووســـیا ناکات، بەڵکو لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی چین دایە. ئەمە لەئێســـتاوە لەلایەن ڕووسیا دەبینرێت، کە ئامانج ئەوەیە چین بچێتە قەفقاسیا و سنووری ڕووسیا تەنگ بێتەوە.

## ڕووسیا شوناسی خۆی نەدۆزیوەتەوە

ئەوکاتەی مالەشینکۆف باس لەبارودۆخی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی کامپی سۆســـیالیزمی دەکات، بارودۆخی ڕووســـیا دەنرخێنێت و دەڵێ: "تائێســـتا ڕووســـیا دەوڵەتێکی ونە و نەیتوانیوە شوناســـی خۆی بدۆزێتەوە". بەبۆچوونی مالەشینکۆف ئێستا لەڕووسیا ڕژێم گۆڕاوە، داخوازیی و هیوای گەلانی ڕووســـیا لەسەر بنچینەی سۆسیالیزمە و لەوێدا خۆیان دەبیننەوە. ئەگەر کات بەسەر نەچێت و نەوەی نوێ نەکەوێتە خۆی، چارەسەر ناکرێت.

●●●

**ڕووسیا ناخوازێت کێشەی کۆسۆڤۆ چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خزمەتی ڕووسیا ناکات. ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت ڕەنگە ئۆستایای باشوور و ئابزەهای لەجۆرجیا جیابێتەوە**

●●●



●●●

**ئێستا لەڕووسیا ڕژێم گۆڕاوە، داخوازیی و هیوای گەلانی ڕووسیا لەسەر بنچینەی سۆسیالیزمە و لەوێدا خۆیان دەبیننەوە. ئەگەر کات بەسەر نەچێت و نەوەی نوێ نەکەوێتە خۆی، چارەسەر ناکرێت**

●●●



**پاڤێل فێلهەنگهاوەر وەکو پسپۆڕێکی سەربازی لەڕووسیا و جیهاندا خاوەن ناوبانگێکی گەورەیە، جگە لەمەش کاری نووسین و ڕۆژنامەوانی دەکات. ئێمە چەند پرسێکی گرنگمان لەبارەی مەسەلەی فیدراڵیزەکردنی عێراق و ستاتۆی هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکانی تورکیا لەدژی کوردان لەگەڵ تاوتوێ کرد. هەروەها هۆکاری پشێویی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و ڕووسیای فیدراڵ خستە بەر باس و گفتوگۆوە.**

**پرۆفیسۆر پاڤێل فێلهەنگهاوەر نووسەر و ئەکادیمستی سەربازیی:**

# ئەگەر ئەمریکا لەبەرامبەر کێشەی کورد لەتورکیا دەستی تورکیا بەهێز بکات هەڵەیەکی گەورە دەکات و بە زەرەر بۆی دەگەڕێتەوە

### ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی بەبنەما دەگرێ

*** عێراق بەرەو سیستمی فیدراڵیزمی ئارەزوومەندانە هەنگاو دەنێ، ئایا لەمەسەلەی فیدرالیزەکردنی عێراقدا کورد ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگ دەبینێتەوە یان وەکو ڕابردوو لەلایەن ئەمریکاوە فریو دەدرێن؟**

- بونیاتنانەوەی ئیدارەی عێراق بۆ ئەمریکا گرنگە، لەنێو دانیشتوانی عێراقدا ژمارەی کوردان زۆر نییە، بۆیە هەندێ هێز هەیە فیدرالیزمێکی بنکەفراوان بۆ کوردان ناخوازن، لەسەرووی هەموویانەوە کۆماری تورکیا.

ئەمریکا دەزانێت کورد قەدەری خۆیان سپاردۆتە دەستی ئەو، لەبەرئەمەش دەخوازێت سیاسەتێکی هاوبەش بەڕێوەببات. لەم سیاسەتەشدا نە کورد و نە تورکمان پشتگوێ نەخرێن. نموونەی ئەمەش هەیە، کاتێك ئینگلیزەکان لەهیندستان ئەو سیاسەتەیان پەیڕەوکرد، بەڵام لەمانەش گرنگتر لەسیاسەتدا هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەشە، پێویستە ئێمە سەیری ئەو پۆتانسیەڵە بکەین و بزانین لەعێراق بەرژەوەندی کێ بەبنەما وەردەگیرێت.

لەڕۆژهەڤ و کارنامەی سیاسیی ئەمریکا لەعێراقدا بەرژەوەندی کوردان زۆر گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە، بۆیە سەنگ و قورسایی کورد لەنێو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا وەك پێویست نییە. بەداخەوە کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا تەنها ئامرازێکە. لەبەرئەمەش کورد بەدڵی خۆیان ناتوانن تێکڕایی ئامانجەکانیان بەدەستبخەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئیتر کورد هیچ شتێك بەدەستناهێنن. لێرەدا دوو خاڵی گرنگ هەیە، دەبێ ڕەچاوی بکەین:

یەکەم: سەقامگیریی و ئاسایشی عێراق بۆ ئەمریکا خاڵێکی گەوهەرییە و ئێستاش ئەمریکا بەجیددی لەهەوڵی هێنانەدی ئەو ئامانجەدایە.

دووەم: لەواشنتۆن چەندین هێز و لایەن هەن دەخوازن دۆسێی عێراق دابخرێت. لەبەرئەوەی ئەوان دەخوازن کێشەکە چارەسەر بکرێت و بازرگانەکانی ئەمریکا لەعێراق دەست بە وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان بکەن. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت کە ئامانجیان تەنها بەگەڕخستنی سەرمایەیە. من ماوەیەك بەر لەئێستا دیدارێکم لەگەڵ بەڕێز باڵتۆن سازکرد، گوتی لەساڵی ٢٠٠٨ حکوومەت بەتەواوی ڕادەستی عێراقییەکان دەکرێتەوە، ڕایگەیاند ئەوان لەبەرامبەر ئەو پرسانە تەنگەتاو بوونە و هەرچەند زووتر ئەو پرۆسەیە ڕاستەڕێ ببێ بۆ ئەوان باشترە. بێگومان بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ بارگرژیی و ناسەقامگیریدا یەکانگیر نییە.

ڕاستییەکی دیکەش هەیە ئەمریکا خاوەنی پرۆژەیەکی دوور و درێژ نییە. ئەمەش سروشت و کارەکتەری ئەمریکایە، لەبەرئەوەی ئەمریکا بەگوێرەی گۆڕانکارییەکان هەنگاو دەنێت یاخود ناچارە هەندێ ڕەچاوی هاوسەنگییەکان بکات. بێگومان کورد بۆ ئەمریکا زۆر شتیان کرد، باشیان کرد. بەڵام ئەمریکا هەموو کات پەیمان دەدات بۆئەوەی داخوازییەکانیان زیاد نەکەن.

### هاوپەیمانێتی لەدژی کوردان

*** لەڕەوشێکی وەهادا هاوپەیمانێتی تورکیا و سوریا و ئێران لەبەرامبەر کوردان هەیە. تورکیا سەرکێشی ئەو هاوپەیمانێتییە دەکات. دوای ٣٨ ساڵ سەردانی بەشار ئەسەد سەرۆك کۆماری سوریا بۆ تورکیا نیشانەی ئەم هاوپەیمانێتییەیە. تێڕوانینی ئێوە دەربارەی ئەم کۆنسێپتە لەدژی کوردان چییە و ئەمریکا چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات؟**

- ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ تورکیا زۆر گرنگە، بەڵام زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ ناوێك لەم هاوپەیمانێتییە بکات. بەم هاوپەیمانێتییە ڕەنگی تورکیا بۆ ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا بەدیاردەکەوێت.

پێش ئەوەی ئەمریکا عێراق داگیربکات، تورکیا ڕێککەوتننامەی لەگەڵ

حکوومەتی عێراق هەبوو، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت سنووری عێراقی دەبەزاند و ئۆپەراسیۆنی ئەنجامدەدا، بەڵام ئێستا هێزی ئەمریکا لەعێراقە و ناتوانێت وەکو پێشوو ئۆپەراسیۆنی بەرفراوان ئەنجامبدات، ئەگەر داخیلی نێو شارەکانی هەرێمی کوردستان بێت دەبێت حیسابی ئەوە بکات ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە.

وەك دەزانرێ تورکیا سوودی لەرەوشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەرگرتووە. وا دیارە تورکیا بەگۆڕانکاری سیاسەتی رووسیای فیدراڵ و سەرکێشی ئێران لەبەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دڵخۆش دەبێ، لەبەرئەوەی زیادبوونی ئاڵۆزییەکان لەبەرژەوەندی تورکیادایە.

هەموو لایەك دەبینن سیاسەتی هەرێم لەبەرژەوەندی تورکیا و ئەمریکا یەکتری ناگرن بەڵکو لەدژی یەکترن. کێشەی کوردستان بەشێکە لەکێشەی ناوچەکە. لەبەرئەوە لەکێشەی کورد لەتورکیا ئەگەر ئەمریکا دەستی تورکیا بەهێز بکات ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات و لەسالانی داهاتوو بە زەرەر بۆی دەگەڕێتەوە.

لەدیدگای ئەمریکاوە سوریا و ئێران دوو وڵاتی شەڕخواز و دوژمنی ئەمریکان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کۆنسێپتە خاوەن پەرەسپێکتیڤێکی گەورە نییە.

هاوکات تورکیا لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا دێ و دەچێ و دەست لەمەش بەرنادات. تورکیا لەموداخەلەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق پشتگیری لەهەڵمەتەکەی ئەمریکا نەکرد بەوالاکردنی بنکەی ئاسمانی ئەنجەرلیك. بۆیە ئەمریکا لەم قۆناخەدا چەندین هاوپەیمانێتی تازەی پێکهێنا. تورکیا لەهیچ شوێنێك لەم هاوپەیمانێتییە تازانە شوێنی نەبوو. لەبەرئەمەش کاریگەری تورکیا لەسەر عێراق کەم بۆوە. هاوپەیمانێتییەکی بەمشێوەیە وەڵامی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناداتەوە. لەئامانجی ئەمریکا سوریا و ئێرانیش هەیە، ئێران لەڕیزی یەکەمی هەڕەشەکاندایە.

بۆچی ئێران لەڕیزی یەکەمدایە؟ لەبەرئەوەی ئومێد هەیە سوریا زووتر بگۆڕێت، هەروەها دژایەتییەکی بەهێز و جیددی نییە بۆ ئەمریکا. بەڵام ئێران هێزێکی جیددییە. ئەمەش پەیوەندی بەسیاسەتی مەلاکانی تارانەوە هەیە. سیاسەتی ئێران لەدژی ئەمریکا ستراتیژییە. لەڕەوشێکی وەهادا هێزی ئەمریکا لەهەموو دەوروبەری ئێران هەیە. وەکو وڵاتانی پاکستان، ئەفغانستان، ئازەربایجان، تورکیا، عێراق و وڵاتانی کەنداو. ئەمەش دەرفەتی دەستێوەردان زیاتر دەکات، هەروەها لەئێران هێزی ئۆپۆزسیۆنی کوردیش گەورەیە و دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت. پێموایە مەسەلەکە تەنها چەکی ناوەکی نییە، بەڵکو مەسەلەکە دنیای ئیسلامی سیاسییە لەنێو شیعەکانی ئێران. بۆیە ئەمریکا واز لەئێران ناهێنێت. لەئێران ٦ نەتەوە دەژین. ئەمریکا دەبێ شەڕی سنوورەکانی نێوان ئەو نەتەوانەش بکات.. ئەمریکا کەوتە عێراق تورکیا یارمەتی نەدا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمریکا توانی ڕژێمی سەددام بڕووخێنێت، لەبەرئەمەش ئەمریکا موحتاجی تورکیا نییە.

## تورکیا پاسیڤ دەبێت

لەنێوان تورکیا و ئێران ناکۆکی هەیە. ئەمەش ڕێگا نادات هاوپەیمانێتییەکە بەهێز بێت. ئەم ناکۆکییانە ڕیشەیەکی مێژووییان هەیە و بەردەوامن. چاکترکردنی پەیوەندی نێوان تورکیا و سوریا کاتی بەسەر چووە. ئەگەر لەڕوانگەی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیل سەیری ئەم هاوپەیمانێتییە بکات مومکین نییە. هاوکاری نێوان تورکیا و ئیسرائیل ڕێگا نادات سوریا و تورکیا لەیەکتری نزیك ببنەوە. بۆ نموونە دوای سەردانەکەی بەشار ئەسەد کێشە لەنێوان تورکیا و ئیسرائیل سەریانهەڵدا. ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆژانە پێگە و گرانایی تورکیا لەناوچەکە کەم دەبێتەوە.

*** لەسەر هێڵی بۆڕی نەوتی "باکوور- جەیهان" کورد دەژین، ئەوەی مایەی سەرنجە یەکەمین شت مافی نیشتەجێکردن پێشێل دەکرێ و کورد کۆچبەر دەکرێن، دووەم شت ئیکۆلۆژیای خاکی کوردان تێکدەدرێت. داخوازی ڕووسیا و کوردان لەم بوارەدا وەکو یەکترن، دەربارەی ئەم مەسەلەیە چی دەڵێن؟**

- هێڵی نەوتی "باکوور- جەیهان" زۆر گرنگە و گەلێ بەرژەوەندی تێدایە. ڕووسیا لەدژی ڕاوەستاوە. ئەمەش بەگوێرەی داخوازی کوردانە، بەڵام لەم مەسەلەیەدا پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوردان دیار نییە. هەروەها لەهی جۆرجیا هەندێ گومانی ئایدیۆلۆژیی لەمبارەیەوە هەیە. بەڵام تائێستا هیچ کەسێك ئەمەی نەخستۆتە پێش چاوان.

*** لەمانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لەڕووسیا ئەنجامدەدرێت، پۆتین لەپێگەیەکی بەهێزەوە دەبینرێ و وەکو سەرکەوتوو قەبووڵدەکرێ. ئەگەر ڤلادیمێر پوتین سەرکەوێت لەسیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە هیچ گۆڕانکارییەك ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە لەڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوینی نزیك؟**

- لەناوخۆدا بۆ سیاسەتی چیچان سیاسەتێکی ئاڵۆز بەدیدەکرێت. ساڵی ڕابردوو ڕووسیا بۆ عێراق لەگەڵ سیاسەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا هەوڵیدەدا، ئەمەش تا ڕادەیەك ئێمەی پاراست. بەڵام ئەمە ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەخست. لەکۆتاییدا فەرەنسا پشتی لەم سیاسەتە کرد. لەم بوارەدا ڕووسیا لەسیاسەتەکانی ناوخۆیدا تەنگەتاوی ژیان دەکات. لەبەرئەوەی بەردەوام لەدژی ئەمریکا ئامادە دەکرێن، لەشەڕی عێراقدا ئەمە زۆر بەئاشکرا دەرکەوت. هەروەها لەدژی پرۆتۆکۆڵی کوێت دەرکەوت. یاخود بەدژواری لەدژی ئەوروپا تێدەکۆشێت.

کێشەکانی نێوان ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا تەنها ئەوەندە نییە. هەروەها دەربارەی گازپرۆم و ئەلەتریك کێشەی جۆراوجۆر هەیە. لەبەرئەمەش لەنێوان ڕووسیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کێشە هەیە. ڕەنگە لەنێوان ئێمە و چین گرفت نەبێت بەڵام بەگشتی پەیوەندیمان باش نییە. ئەویش دژایەتییەکی زۆری ئەوروپا دەکات.

پۆتین هەندێ گومانی هەیە. ئەم گومانانە لەدیداری لەگەڵ عەلییێڤ-ی سەرۆك کۆماری ئازەربایجان دەرکەوت. پوتین وا دەردەخات سیاسەتی بەرفراوانی هەیە و دەخوازێت بەم سیاسەتەی فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەوروپا و هەموو ڕۆژئاوا بخنکێنێ. میلیتانەکانی چیچان لەدژی پوتین پشتگیری دەکرێن. پوتین ئەم هەوالانە لەهەوالگری ڕووسیا وەردەگرێت. جگە لەمەش پوتین هەندێ سەرچاوەی دیکەی هەواڵ و زانیاری لەبەردەستدایە. لەبەرئەمەش گۆڕانکاری لەسیاسەتی پوتین ناکرێت.

*** لەم دواییانەدا دەگوترێت ئەگەر پوتین سەربکەوێت گۆڕانکاری لەسیاسەتی چیچان دەکرێت و نەرمتر دەبێت، ئایا ئەو ئاڵوگۆڕانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- نەخێر لەسیاسەتدا گۆڕانکاری ناکرێت. پوتین لەم بوارەدا ئازا و بەبڕیارە. لەبەرئەوە لەکێشەی چیچان ڕەگوڕیشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی هەیە. ئەمەش وادەکات چەك لەدژیان بەردەوام بێت. لەگەڵ ئەم تێڕوانیانە دیسانەوە مرۆڤ نازانێت لەدوارۆژدا دەربارەی ئەم کێشەیە چی ڕوودەدات.

*** وڵاتانی ناوچەکە هەمیشە کورد بەداردەستی ئیسرائیل و ئەمریکا دادەنێن، لەکاتێکدا ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا لەسەر هەموو ئەو وڵاتانە دەشەکێتەوە، ئایا بەتێڕوانینی ئێوە لەپەیوەندی نێوان ئیسرائیل و کوردان گۆڕانکارییەك ڕوودەدات، بەتایبەت زۆرجار وڵاتانی ناوچەکە تێڕوانینێکی بەم چەشنە دەوروژێنن؟**

- کوردستان لەئیسرائیل دوورە. پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی تورکیا باش نییە وەکو ئێران و سووریا. ئیسرائیل لەپەیوەندییەکانی خۆیدا بەرژەوەندی هاوبەش ڕەچاو دەکات. هاوکارییەکی چۆن لەنێوان کورد و ئیسرائیل دەکرێت، لەکاتێکدا بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە. ئێستا سیاسەتی ئیسرائیل لەخۆپاراستن دایە. لەبەرئەمەش کوردستان دوورە دەرفەت ناداتە ئیسرائیل. بەڵام هەوالگری ئیسرائیل دەخوازێت لەوێدا شتێك بکات یان هەوالگرییەکی هاوبەش بەڕێوەببەن. تورکیاش هاوپەیمانێکی بەهێزی ئیسرائیلە. ئیسرائیل دەست لەتورکیا بەرنادات، ئیسرائیل پەیوەندییەکی سەقامگرتووی لەگەڵ کوردان پێکنەهێناوە. لەبەرئەوە لەم قۆناخەدا پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوردان بۆ ئیسرائیل زۆر گرنگ نییە.

●●●

**پوتین وا دەردەخات سیاسەتی بەرفراوانی هەیە و دەخوازێت بەم سیاسەتەی فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەوروپا و هەموو ڕۆژئاوا بخنکێنێ**

●●●

●●●

**هێڵی نەوتی "باکوور- جەیهان" زۆر گرنگە، ڕووسیا لەدژی ڕاوەستاوە. ئەمەش بەگوێرەی داخوازی کوردانەو گەلێ بەرژەوەندی تێدایە**

●●●

●●●

**لە هەموو شت گرنگتر لەسیاسەتدا هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەشە، پێویستە ئێمە سەیری ئەو پۆتانسیەڵە بکەین و بزانین لەعێراق بەرژەوەندی کێ بەبنەما وەردەگیرێت؟!**

●●●

کاندیدکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ مانەوەی لە پۆستەکەی وەك سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، راگەیاندنی ئەم کاندیدکردنەوەیەش لەلایەن بەڕێز مام جەلال وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بری بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بۆ تێکڕای خەڵکی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو نمایشکردنی ئاستی پێگەیشتووی سیاسەت و ستراتیژییەتی پارتی و یەکێتییە بۆ حوکمڕانی و بیرکردنەوەیان لە ئایندەی خۆشگوزەرانی میللەتەکەمان.

ئەم هەڵوێستە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی ئەوەمان پێدەڵێت، ئێستا تێڕوانینی هاوبەش و هەڵوێستی هاوبەشی هەردوولا بە تەنها لەودیو حەمرینەوە دەست پێناکات، بەڵکو ئەم هەڵوێستە هاوبەشە ئێستا لە هەولێرو سلێمانی و کەرکووك و دهۆکیش رەگی داکوتاوەو ئایندەی خۆشگوزەرانی میللەتەکەمان و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانمان بڕیار لەسەر رەوتی رووداوەکان دەدەن نەك بەرژەوەندی پارتایەتی ئەمڕۆکە هەردوو سەرۆك دەبینین لە بەغدا تاڵەبانی نوێنەرایەتی بارزانی دەکات و لە کوردستانیش بارزانی نوێنەرایەتی تاڵەبانی دەکات و نموونەی دوو سەرۆکی سەرکەوتوون لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لەمەش زیاتر کە دەبینن تاڵەبانی لە بڕی بارزانی کاندیدکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی رادەگەیەنێت و بارزانی لە بڕی تاڵەبانی رایدەگەیەنێت پارتی و یەکێتی مەرج لەسەر یەکتری فەرز ناکەن، ئەوا خەڵکی کوردستان هەست دەکەن، ئەو متمانەیەی کە بەو دوو پارتە سەرەکییەی داوەو ئەو خوێن و قوربانییەی لە پێناوی ئەمڕۆژەدا دراوە بە فیڕۆ نەچووەو پارتی و یەکێتی شایستەی ئەو متمانەیەن و شایستەی ئەوەن نەخشەی رێگە بۆ نەوەکانی داهاتوو دابڕێژن، هەروەها لەوەش دڵنیابوون کە بیرکردنەوەی هەردوو سەرۆك بە پێکهاتەی هەردوو حزبدا رۆچۆتە خوارەوەو ئەو درزو کەلێنانە بە تەواوەتی پڕبوونەتەوە کە ناحەزان گرەوی جۆراوجۆریان لەسەر دەکرد.

بێگومان رۆڵی نێچیرڤان بارزانیش لە سەرکردایەتیکردنی کابینەی یەکگرتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠ مانگی رابردوودا، بەتایبەتی کە دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ لە کەرتبوونی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەر لە نوێ دارِشتنەوەو پیادەکردنی سیاسەت و بەرنامەیەکی پتەو بۆ تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەکە، نیشانەی لە خۆبوردەیی و لێهاتوویی سەرۆکی حکوومەت پێشاندەدا، بەوەی توانی لە قۆناغێکی زۆر ناسکدا برینی لەتبوونی دوو ئیدارەیی سارێژ بکاتەوە و لە بەردەم تەحددیەکانیشدا ئیرادەیەکی یەکگرتوو دروست بکات.

نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتی کابینەی یەکگرتوودا سەلماندی کە ئومێد و خۆزگەی ئەو بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی کوردستان، ئومێد و خۆزگەی کورسی و دەسەڵات نییە، بەڵکو هەموو ئاواتی ئەو لەو چەند خاڵەدا چڕ دەبنەوە کە بەرنامەی حکوومەتەکەی لەسەر دارِشتووە و خۆی لە حوکمڕانی باش و یەکڕیزی ماڵی کورد و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانمان بە شێواز و رێگەچارەی ئاشتییانە دەبینێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی هێندە لە خەمی ئەوەدا بوو چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان دروست بکات و پڕۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوازی دیموکراتییانە و بە رێگەی سندوقی دەنگدان ببێتە مۆدیلێك بۆ ناسینەوەی شێوازی حووکمڕانی لە کوردستاندا، هێندە لە خەمی ئەوەدا نەبوو لە پۆستەکەی بمێنێتەوە یان نە ، لە دیدی نێچیرڤان بارزانیدا کورسی دەسەڵات بۆ ئەوەیە حووکمڕانی باشی لەسەر بکرێت، نەك لەسەر کەسێك بۆ هەتاهەتایە تاپۆ بکرێت، ئەم بنەما و پرەنسیپەی لە ماوەی ٢٠ مانگی رابردوودا پیادەی کرد، هەوڵێك نەبوو یان زەمینە سازییەك نەبوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و پاراستنی پۆستەکەی، بەڵکو ئەو بەو جۆرە سەیری حوکمڕانی دەکرد، کە پێویستە لەم قۆناغەدا کە بە رێککەوتنی پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستانیان دابەشکردووە ببێتە سەرەتایەك بۆ دەستاودەستکردنی پۆستەکانی دەسەڵات بەشێوەیەکی



# کاندیدکردنەوەی نێچیرڤان بارزانی خۆی لە یەکبوونی کورد و عەقڵی موئەسەساتی و دەوڵەتی فرەبۆچوون و شەفاف دەبینێتەوە

ئاشتییانە و هەر وەك چۆن چەند هەفتەیەك لەمەو پێش لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا رایگەیاند ((چاوەڕێی ئەوەم یەکێتی نیشتمانی کاندیدی خۆی دەستنیشان بکات و پۆستەکەی بۆ بەجێ بهێڵم)) هەڵوێست و سیاسەت و بەرنامەی نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی کابینەی یەکگرتوودا پێمان دەڵێت ((درێژەدان بەو سیاسەت و بەرنامەیە پێویستییەکە بۆ ئەم قۆناغەی میللەتەکەمان و نێچیرڤان بارزانیش لەبڕینی ئەم هەورازە سەختە بە ئومێدەوە لە ئاسۆ دەڕوانێت و پێویستە هەموو لایەك پشتگیری لێبکەین)) بیرکردنەوە و تێڕوانینی نوێ و قۆڵبوونەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی پارتی و یەکێتی هێندەی دیکە هاندەر دەبن بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆسەیەو چەسپاندنی ژیانی دامەزراوەیی و حوکمڕانی باش لە کوردستاندا.